# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیریی گشتی یە

ژمارە: ٤٥



# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یه

کۆمیسیۆنی پەروەردەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەریدەکا

ژمارەی ٤٥

سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی
دێسامبری ٢٠١٧ی زایینی

# تیشک

ژمارەی ٤٥

گۆڤارێکی سیاسی ـ ڕۆشنبیریی گشتی یە

کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا

تایپ: ڕاسان

مونتاژو بەرگ: سەربەست ئورمیە

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشک بڵاو دەبن.

# لەم ژمارەیەدا


وتەی ژمارە ............................................................................ ٥
بۆ لە هەموو شوێنێک نابێ؟ سەبارەت بە ............................ ١١
ئانتۆلۆژی خەباتی مەدەنی، زەروورەتەکان ............................ ٢٣
خەباتی مەدەنی .................................................................. ٣٣
بەربەستەکانی بەردەم خەباتی مەدەنی لە ئێرانی ژێر
دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران .................................... ٥١
هەڤپەیڤین لە گەڵ کاوە ئاهەنگەری ................................... ٦٩
ڕاسان و بەرخۆدانی مەدەنی .............................................. ٧٧

**خوێنەرانی بەڕێز**

**تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤاری تیشک تەرخان کراوە بۆ باس کردن لە سەر "کۆماری کوردستان و دەستکەوتەکانی". تکایە باس و بابەتەکانتان بەو ناوونیشانانەی خوارەوە بۆمان بنێرن**

**گۆڤاری تیشک**

**لەسەر ئینتیرنیت**

http://www.kurdistanmedia.com/sorani/tishk

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

وتەی ژمارە

# خەباتی شار

ناسرساڵحی ئەسڵ

ئەگەر لە سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری و شەڕی سارد دا، تەنیا ڕێگایەک کە دەنگی خەباتی رزگاریخوازی و مافویستی نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک ڕەمزی خۆڕاگری و مانەوەی شوناسی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی بە گوێی جیهان دەگەیاند، خەباتی چەکداری بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوتار و ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیاندا، خەباتی چەکداریان وەک تاکتیکێکی خەبات چاو لێ کردووە، بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی بڕیاردەری تاران، بە مەبەستی ناچارکردنیان بە هەڵبژاردنی ڕێگای دیالۆگ و وتوویژ، بۆ چارەسەرکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا .

هەر بۆیە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیمەکانی تاراندا سەلماندوویانە کە هەر کات دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە، بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی نەتەوایەتی لە هەموو میتۆدەکانی خەبات کەڵکیان وەرگرتووە. بەشداریکردن لە خولی چواردەهەمی مەجلیسی شوورای میللی لە سەردەمی دەوڵەتی دوکتور موسەدیق و خەباتی جوتیارانی ناوچەی موکریان بە دژی دەرەبەگەکان لە سەردەمی ڕێژیمی حەمەرەزا شا، پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە سەرەتایی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، بەشداریکردن لە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای میللی و مەجلیسی خوبرەگانی یاسای

بنەڕەتی، هاندانی خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان بۆ مانگرتنی گشتی لە ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و مانگرتنی سەرانسەری ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی، نموونەی بەرچاوی خەباتی مەدەنیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بۆیە ئەوەی لێرەدا جێی باس و تێڕامانە، لە لایەک لە ئێستا دا مێتۆدی خەباتی مەدەنییە کە لە لایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتەوە زیاتر پشتیوانی لێدەکرێ. ئەگەر لە رابردوودا وڵاتانی رۆژئاوا لە بەرامبەر راپەڕینی خەڵکی سڤیل، دژ بە دیکتاتۆرەکان بێدەنگییان هەڵدەبژارد، یان خەباتی مەدەنیی خەڵکیان بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی وڵاتان دادەنا، ئێستا بە هۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی نوێی جیهانیدا و گرینگیدان بە فاکتەرەکانی وەک، مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی، ئازادیی سیاسی و چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینی یەکان، ماف و ئازادیی تاکەکان و زۆر فاکتەری دیکە، وڵاتانی دێموکراتیک و رێکخراوە نێونەتەوەیەکان، رۆڵی پشتیوانی لە خەباتی مەدەنیی خەڵک، لە وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی سەرەڕۆدا دەگێڕن. تەنانەت بۆ پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی گەلانی ئێراندا، ئێستا ئیدارەی نوێی ئامریکا(سەرە ڕای بوونی کێشەی چەکی ناوەکی) بەشێکی زۆری بەرپرسانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و نەتەوەکانی ئێران، خستوتە لیستی نوێی گەمارۆکانی ئامریکا و تەنانەت بەشێک لە وڵاتانی ئوروپاییەوە. هەروەها لەلایەکی دیکەوە مێتۆدی خەباتی مەدەنی ئەمڕۆ بە هۆی راگەیەنە گشتییەکانەوە،

وەک تۆڕی ئینتێرنێت و سەتەلایت توانیویەتی رای گشتیی جهان بجووڵێنی. ئەگەر جاران مەسەلەی خەباتی مەدەنی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکاندا هەر وەک گوترا بە پرسێکی نێوخۆیی لەقەڵەم دەدرا، ئێستا پرسی خەباتی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ پرسێکی هەستیاری نێودەوڵەتییە و وڵاتانی دێموکرات خۆیان لە بەرامبەر سەرکوت و زەبروزەنگ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بە بەرپرس دەزانن. شووورای ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا و رێکخراوەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ ئێستا زیاتر پشتیوانی لە شێوەی خەباتی مەدەنی دەکەن و رێژیمە دیکتاتۆرەکان مەحکووم دەکەن .

هەر چەند گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتداری رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خاوەن هیچ چەشنە مافێکی سیاسی نەبوو و نییە. تەنانەت ئەگەر رۆڵەکانی زۆریش لێهاتوو بن، هیچ پلە و پایەیەکی کارگێری باڵا و سیاسییان دەرحەق ڕەوا نابینن و ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا بۆ شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نوێنەر لە پارڵمانی کۆماری ئیسلامیدا دیاری کراوە، بەڵام ئەم بەڕواڵەت نوێنەرانەش لە قۆناخی یەکەمدا لەچەندین دەزگای فیلتێرینگی وەک وەزارەتی ئیتلاعات و شوڕای نیگابان دەبێ بەگوزەرین، تا ئیزن دەدرێن کە وەک تاکێک خۆیان بەربژێر بکەن. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانەی دەچن بۆ ناو پەڕلمان کەسانێکی نیشتمانپەروەریش بن بە هۆی ئەوەی کە لە رێژیمی ئێراندا

پێکهاتەیەکی دەسەڵاتی سەرتر لە یاسا، بەرفراوانە و بوونی هەیە، هەر یاسایەک کە دەردەچێت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبێ لە لایەن ئەو دەسەڵاتە نارەوایە کە ئەویش ڕێبەر و دەزگاکانی سەر بە ریبەری رێژیمە پەسەند بکرێت. بەڵام بەگشتی لەگەڵ ئەوەی نەتەوەی کورد بۆی هەیە لە هەر هەلومەرجێکدا شێوەی خەباتی خۆی دیاری بکا، پێویستە سەرنج بداتە ئەو مەسەلە گرینگەش کە لە چ هەلومەرجێکدا چ شێوە خەباتێک شوێندانەرتر و بەرهەمی زیاتری بۆ نەتەوەی کورد لێدەکەوێتەوە. ناسینی  هەلومەرجەکان و هەڵسەنگاندنیان و لە پەنا ئەوەش دەستنیشانکردنی شێوەی خەباتی گونجاو لە گەڵ ئەو هەلومەرجانە دا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ، بۆ چوونەپێشی رەوتی خەباتی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەر وەها لە قوناغ و هەلومەرجی ئێستای خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە بە لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ(ڕاسان) ناسراوە، خەباتی شار گرینگی تایبەتی هەیە. چونکە لە ڕاسان دا شار ناوەند و چەقی خەباتە. لە خەباتی شار دا ئەگەر خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، پشتیبان بە رێکخستن و نەخشە رێگای هاوبەش و هەماهەنگی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی گەرم بێت، کۆمەڵگای کوردی رۆژهەڵات، زەرفییەت و توانای ئەوەی تێدایە لە هەر دەرفەتێک بۆ زەقکردنەوەی ویست و داخوازییە رەواکانی کەڵکوەرگرێت.

تیشک

# بۆ لە هەموو شوێنێک نابێ؟

## سەبارەت بە ئەگەری سەرکەوتنی بەربەرەکانێی مەدەنی

د. ئیدریس ئەحمەدی

ئامانجی ئەم وتارە زۆرتر ورووژاندنی پرسیارە سەبارەت بە ئەگەری سەرکەوتنی بەرخۆدان یان بەربەرەکانێی مەدەنی[1]. بۆ ئەو مەبەستە، ئەنجامی چەند لێکۆڵینەوەیەک وێڕای ناکۆکی نێوان لێکۆڵەران سەبارەت بە ئەگەری سەرکەوتنی بەربەرەکانێی مەدەنی دەخرێتە ڕوو.

ئەم بابەتە بۆ قۆناغی ئێستای خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە ڕاسان ناسراوە، گرنگی تایبەتی هەیە. راسان ئامانجی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخە، کە بە مانایەک، سەنتێزێکە لە نێوان ئەو دوو شێوە لە خەبات.

سەرەڕای ئامانجی سنوورداری ئەم وتارە، دیسان دەکرێ بە وردبوونەوە لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ساڵانی دوایدا لەمەڕ بەربەرەکانێی مەدەنی کراون، بە چەند دەرئەنجامێکی سەرەتایی بگەین، کە بە کورتی بریتین لەمانە:

١) بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەسەلە ئەوە نییە کە ئایا بەربەرەکانێی مەدەنی بکرێ یان نا؛ ئەو مەسەلەیە لە ڕاساندا بڕاوەتەوە؛

٢) بەربەرەکانێی مەدەنی لە ئێراندا دەبێ دژ بە سیستەم بکرێ، نەک لە نێو سیستەمدا و بە مەبەستی "ریفۆرم" لە کۆماری ئیسلامیدا؛

[1] لێرەدا، دەستەواژەی "بەربەرەکانێی مەدەنی" بەرانبەر بە civil resistance لە زمانی ئینگلیزیدا بەکار براوە.

٣) لە گەڵ ئەوەی بەربەرەکـانێی مەدەنـی لە زۆر شـوێنی دونیـا سـەرکەوتوو بـووە، بەڵام مەرج نیـیە بە تەنیـا لە کوردسـتاندا سەرکەوتوو بێ؛ بۆ ئەوەی خەباتی مەدەنی هاوشێوەی زۆر شوێنی دیکەی جیهان سەرکەوێ، دەبێ لە کۆی ئێراندا بکرێ، نەک تەنیا لە کوردستان؛

٤) کەوابوو، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاسان و چاوەڕوانی واقعبینانە لە دەستکەوتە نزیکمەودا و دوورمەوداکانی، دەبێ ئەو خاڵەی پێشوو لەبەرچاو بگیردرێ؛

٥) ئەوەی کە دواجار دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران و دەستەبووربوونی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد، خەباتێکی فرەلایەن وێڕای پشتیوانی نێودەوڵەتییە بۆ گۆڕینی ڕێژیم.

### ناکۆکی نێوان لێکۆڵەران سەبارەت بە بەربەرەکانێی مەدەنی:

لە چەند ساڵی دوایدا، هێندێک لێکۆڵەر ئەوەندەیان پێداگری لەسەر بایەخ و ئەگەری بەرچاوی سەرکەوتنی بەربەرەکانێی مەدەنی کردووە، کە بە بۆچوونی باو لە قەڵەم دراوە، یان با بڵێین وەک بۆچوونی جێکەوتووی لێ هاتووە.[٢] جێگای ئاماژەیە، زۆر کەس ئەو جۆرە لە خەبات، لە بەرانەبەر خەباتی چەکداریدا دادەنێن،

[2] بۆ نموونە، بڕوانە:
Maria J. Stephan and Erica Chenoweth, "Why Civil Resistance Works: The Strategic Logic of Nonviolent Conflict," *International Security*, Vol. 33, No. 1 (Summer 2008), pp. 7-44; Renat Shaykhutdinov, "Give Peace a Chance: Nonviolent Protest and the Creation of Territorial Autonomy," *Journal of Peace Research*, Vol. 47, No. 2 (2010), pp. 179-191; Thomas Richard Davies, "The Failure of Strategic Nonviolent Action in Bahrain, Egypt, Libya and Syria: 'Political Ju-Jitsu' in Reverse," *Global Change, Peace & Security*, Vol. 26, No. 3 (2014), pp. 299-313.

هەرچەنــد دیــاردەی بەرەوپێشــبردنی هەردوو جــۆر خەبــات لە هەمانکاتدا، ئەویش بووەتە بابەتی لێکوڵینەوە.[٣]

بـۆ نمـوونە، لێکـوڵینەوەیەک لە بەراوەردکردنـی خەبـاتی مەدەنـی و خەبــاتی چەکداریــدا لە نێــوان ســاڵانای ١٩٠٠ تــاکوو ٢٠٠٦، بەو دەرئەنجـامە گەیشـتووە کە لەو مـاوەیەدا، بەربەرەکـانێی مەدەنـی ٥٣ دەرسـەد سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـاوە، لە بەرانـبەر ٢٦ دەرسـەد ســـەرکەوتنی خەبـــاتی چەکداریـــدا.[٤] کە ئەگەڕێـــتەوە ســـەر بەرەوپێشبردنی هەردوو جـۆر خەبات لەهەمانکاتـدا، لێکـۆڵینەوەیەکی دیـکە وێـڕای دانپێـدانان بە پێوەنـدی ئـاڵۆزی نێـوان بەربەرەکـانێی مەدەنی و خەباتی چەکداری، دیسان بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە خەبـاتی مەدەنـی دەتـوانێ بە بـێ لەئـارادابوونی خەبـاتی چەکـداری سـەرکەوێ. هەڵـبەت، دەرئەنجـامی ئەو لێکـۆڵینەوە هەروهـا نیشـانی دەدا کە کـارتێکەری خەبـاتی چەکـداری لە سـەر خەبـاتی مەدەنـی دەتوانێ تێکەڵ (mixed) بێ؛ واتە، دەشێ لە هێندێک شوێن نەرێنی و لە هێندێک شوێنی دیکە ئەرێنی بێ.[٥]

لە بەرانبەردا، هێندێک لێکۆڵەری دیکە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە خەبــاتی مەدەنیــان هێنــاوەتە بەربــاس. ڕەخـــنە ئەوەیە کە ئەو لێکـۆڵەرانەی کە زۆر پێـداگری لە سـەر سـوود و ئەگەری بەرچـاوی

---

[٣] بڕوانە:

Erica Chenoweth and Kurt Schock, "Do Contemporaneous Armed Challenges Affect the Outcomes of Mass Nonviolent Campaigns?" *Mobilization: An International Quarterly*, Vol. 20, No. 4 (December 2015), pp. 427-451.

[٤] بڕوانە:

Stephan and Chenoweth, "Why Civil Resistance Works," p. 8.

[٥] بڕوانە:

Chenoweth and Schock, "Do Contemporaneous Armed Challenges Affect the Outcomes of Mass Nonviolent Campaigns?" passim.

سەرکەوتنی خەباتی مەدەنی دەکەن، کەمتر هەلوومەرجی جیاوازی وڵاتان لەبەرچاو دەگرن.[٦]

جیاوازی نێوان وڵاتانی دیموکراتیک و دیکتاتۆر لە پێوەندی لە گەڵ لەبـاربوونی مەودا بـۆ خەبـاتی مەدەنـی خـاڵێکی گـرنگە؛ مەسـەلەیەکی دیـکە، جیاوازی یەکدەستبوون یـان فرەنەتەوەبـوونی وڵاتێکـی دیـاریکراوە لە پەیوەنـدی لە گەڵ ئەگەری سـەرکەوتنی بەربەرەکـانێی مەدەنیـدا. ئەگەر وڵات یەکدەسـت بـێ و ئامـانجی بزووتنەوەیەکی جەماوەری گۆڕینی ڕێژیم بێ، ئەگەری سەرکەوتنی زۆرترە، چوونکە لە دۆخێکی وادا، کۆمەڵگا بە هۆی جیاوازی ئێتنیکی، ئاینی، مەزهەبی یان نەتەوایەتی تووشی دابڕان نابێ. بە پێچەوانە، ئەگەر وڵات فرەئێتنیک، فرەئاین، فرەمەزهەب یان فرەنەتەوە بێ، ئامـانج تەنیـا گـۆڕنی ڕێـژیم نـابێ، بەڵکـوو هەروهـا دەتـوانێ پێناسەکردنەوە و ڕێکخستەنەوەی دەوڵەت ئامانجی بێ؛ بۆ نموونە، لە شکڵی سیستەمێکی فێدراڵدا. لەو پەیوەندییەدا، فاکتەری نێودەڵەتیش گرنگە لە بەرچاو بگیردرێن. شەڕی سارد و قۆناغی پاش شەڕی سارد، بەڵام هەروها پارسەنگی هێز لە ئاست ناوچەیی و جیهانیدا، بەرژەوەندی زلهێزان و هەبوون یان نەبوونی پشتیوانی نێودەوڵەتی لە بزووتنەوەیەکی جەماوەری، ئەمانە هەموو دەشێ فاکتەری گرنگ بن.[٧]

---

٦ بڕوانە:
Isak Svensson and Mathilda Lindgren, "Community and Consent: Unarmed Insurrections in Non-Democracies," *European Journal of International Relations*, Vol. 17, No. 1 (2010), pp. 97-120.

٧بڕوانە:
Isak Svensson and Mathilda Lindgren, "Community and Consent"; , "The Failure of Strategic Nonviolent Action in Bahrain, Egypt, Libya and Syria."

**خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ بەربەرەکانێی مەدەنی:**

لە گەڵ ئەوەی زۆرێـک لەو لێکـۆڵینەوانەی کە کـراون کـۆکن لە سـەر ئەوەی کە، بە تـایبەت پـاش کۆتاییهـاتنی شـەڕی سـارد، بەربەرەکانێی مەدەنـی ئەگەری سـەرکەوتنی زۆرتـرە تـاکوو خەبـاتی چەکـداری، خەبـاتی چەکـداری لە هێنـدێک کەیسـدا سـەرکەوتنی وەدەسـت هێنـاوە و بەربەرەکـانێی مەدەنـی لە هێنـدێک کەیسـدا سەرکەوتوو نەبووە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە بە گوێرەی یەکێک لەو لێکـۆڵینەوانەی لە سـەرەوە ئامـاژەی پـێ درا، لە نێـوان سـاڵانی ١٩٠٠ تاکوو ٢٠٠٦، سەرکەوتنی خەباتی چەکداری ٢٦ دەرسەد و بەربەرەکانێی مەدەنی ٥٣ دەرسەد بووە.[8]

لە لایەکی دیکەوە، ئەو لێکۆلێنەوانە هەوڵ دەدەن لە سەر بنەمای زانیـاری سـەرەتای سـەبارەت بە کۆمەڵێـک کەیـس بە دەرئەنجـامی گشـتی بـگەن. لێـرەدا دوو خـاڵی فەلسـەفی و مێتۆدۆلـۆژی دەبـێ لەبەرچاوبگیردرێن.

**یەکەم،** لە کاتی هاوکاتبوونی دوو دیاردە (بۆ نموونە بەربەرەکانێی مەدەنی و ڕوخانی ڕێژیم) مەرج نییە وا بێ یەکێکیان (بەربەرەکانێی مەدەنـی) هۆکـاری ئەوی دیکەیـان بـێ (ڕوخـانی ڕێـژیم). لە زمـانی ئینگلیزیـدا دەوتـرێ کە هاوپێوەنـدی (correlation) نێـوان دوو دیـاردە مەرج نیـیە پێوەنـدی هۆکـاریی (causation) بێـت لە

[8] بڕوانە:

Stephan and Chenoweth, "Why Civil Resistance Works," p. 8.

نێوانیانـدا. دەشـێ فـاکتەرێکی دیـکە هۆکـار بـێ بـۆ ڕوخـانی ڕێـژیم سـەرەڕای لەئارادابوونی بەربەرەکانێی مەدەنـی؛ بـۆ نمـوونە، کێشـەی دەرون ڕێـژیم یـان دەسـتێوەردانی دەرەکـی. هەڵـبەت لە سیاسـەتدا، هەمیشـــە کۆمەڵێـــک فـــاکتەر دەور دەبیـــنن، بـــۆیە باشـــتر وایە فرەهۆکاربوون (multicausality) لەبەرچاو بگرین.

**دووهەم،** زانیـاری سـەرەتایی سـەبارەت کەیسـی زۆر بە مەبەستی وەرگرتنی دەرئەنجامی گشتی، دەتوانێ ئەو مەترسییەی هەبێ کە ئەو دەرئەنجاموەرگرتنە هەڵە بێ. بۆیە، بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە بە هەڵەدا نەچـووین، پێویسـت دەکـا تـوێژینەوەی قـووڵ سـەبارەت دەسـتەیەک کەیسی دیاریکراو ئەنجام بدرێ. هەڵبەت دیسان دەکرێ نـاکۆکی لە نێـوان لێکۆڵەرانـدا هەبـێ سـەبارەت بە کەیسـێکی دیـاریکراو؛ واتە، تەنانەت ئەگەر لێکۆڵینەوەی قووڵتریش لە سەر کەیسێک یان چەنـد کەیسێک ئەنجام بدرێ، مەرج نییە کۆدەنگی لەسەر بێ.

خـاڵێکی دیـکە دەگەڕێـتەوە سـەر پێناسـەکردنی "سـەرکەوتنە"؛ ئایـا مەبەسـت لە "سـەرکەوتن"، ڕوخـانی ئەو ڕێـژیمەیە کە بەربەرەکـانێی مەدەنی بەدژ دەکرێ یان وەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە کە بەربەرەکـانێی مەدەنــی دەکـا. بـۆ نمــوونە، لە زۆربەی وڵاتــانی عەرەبی کە لە ساڵانی دوایدا شۆڕشیان تێدا کران، لە هێندێک شوێن ڕێـژیم ڕوخـا (تـونیس و لیبـی)، لە هێنـدێک شـوێنی دیـکە ڕێـژیم گەڕایەوە (میسر) یان ئەوەی لە لایەن هێزی دەرەکییەوە نەجات درا (سـووریە). بەو پێــیە، ئەگەر ئامــانجی ئەو شۆڕشــانە ئــازادی و

دیموکراسی بووبێ، تەنیا لە تونیس سەرکەوتن بەدەست هاتووە، نەک لە میسر، لیبی و سووریيە.

لە لایەکی دیکەوە، هێندێک لێکۆڵەر بەهۆی لایەنگری لە بەربەرەکانێی مەدەنی و ڕەت کردنەوەی خەباتی چەکداری، بە مانایەک تەفسیری چەوت لەو کەیسانە دەکەن کە خۆیان توێژینەوەیان لەسەر کردووە. بۆ نموونە، هەردوو کەیسی تیمۆری ڕۆژهەڵات و ئەفریقای باشوور نیشانی دەدەن کە لێکگرێدانی خەباتی چەکداری و بەربەرەکانێی مەدەنی بوو کە دواجار بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە هەردوو وڵاتدا نزیک کردەوە لە سەرکەوتن، لە کاتێکدا ئەو لێکۆڵەرانەی کە باسی ئەو دوو کەیسەیان کردووە، ئامادە نین بایەخ بۆ خەباتی چەکداری دابنێن (هەرچەند دوو لێکۆڵەر دان بەوەدا دەنێن کە خەباتی چەکداری لە ئەفریقای باشوور، یارمەتیدەری بەربەرەکانێی مەدەنی بوو).[٩]

هەڵبەت ئەوەش لەبەرچاو ناگرن کە سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە تیمۆری ڕۆژهەڵات بەند بوو بە پشتیوانی نێودەوڵەتی و هەروەها ڕوخانی دیکتاتۆریەتی ژێنێراڵ سوهارتۆ لە ئەندۆنیزی. فاکتەرێکی دیکەی گرنگ کە لەبەرچاوی ناگرن ئەوەیە کە تیمۆری ڕۆژهەڵات دوورگەیەکە کە ئەندۆنیزی لە ساڵی ١٩٧٥وە داگیر و کۆلۆنیزی کردبوو، ئەمەش دوای ئەوەی تیمۆری ڕۆژهەڵات لە دەست کۆلۆنیالیزمی پۆرتەقاڵ ڕزگاری ببوو و قەرار

---

[٩] بڕوانە:
Stephan and Chenoweth, "Why Civil Resistance Works"; Chenoweth and Schock, "Do Contemporaneous Armed Challenges Affect the Outcomes of Mass Nonviolent Campaigns?".

بوو سەربەخۆ بێ. لە ئەفریقای باشووریش، ڕەشپێستەکان زۆرینەی دانیشتوانی وڵات پێک دێنن و پاش کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دژ بە ڕێژیمی ئەپارتاید ڕاوەستان و پشتیوانیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیANC بە سەرکردایەتی ماندێلا کرد.

کەوابوو، ناکرێ بڵێین بەربەرەکانێی مەدەنی بە تەنیا دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بەڵکوو کۆمەڵێک فاکتەر، ئەویش بە پێی هەلوومەرجی تایبەتی نێوخۆیی و هەروها سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی، دەور دەگێڕن لەو پەیوەندییەدا.

خاڵێکی دیکەی گرنگ، کە تا ئەو جێگایەی من بزانم تاکوو ئێستا سرنجی نەدراوەتێ، ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ستراتیژی، کەم جار تاکلایەنە دەکرێ، بەڵکوو زۆر جار لە ئاکامی سیاسەت، کردار و ستراتیژی لایەنی بەرانبەردا شکڵ دەگرێ. بۆ نموونە، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جار دەڵێن "شەڕمان بەسەردا سەپێندراوە، ئێمەش بەرگریمان کردووە." ئەمە بەو واتایەیە کە خەباتی چەکداری وەڵامدانەوەیە بە شەڕخوازی لایەنی بەرانبەر، بەڵام هەروها هەڵبژاردنی ستراتیژییە بە شێوەیەکی دەستپێشخەرانە، لانی کەم لە قۆناغی خەباتی پێشمەرگانەدا. لە سووریە، سەرەتا خەڵک بەربەرەکانێی مەدەنیان کرد، بەڵام ڕێژیمی ئەسەد بۆ خۆی بە بەکاربردنی زەبروزەنگ دژ بە خەڵک، ئاراستەی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی گۆڕی بەرەو خەباتی چەکداری و دوجاریش شەڕی نێوخۆیی.

لێکۆڵەرێـک هەروهـا بە دروسـتی ئامـاژەی بەوە داوە کە لایەنـی دەرەکـی لە هێنـدێک کەیسـدا ئاراسـتەی بەربەرەکـانێی مەدەنـی دەگۆڕن بەرەو خەباتی چەکداری و شەڕی نێوخۆیی.[10]

بە کورتی، مەسەلەی سەرکەوتنی بەربەرەکانێی مەدەنی ئاڵۆزترە لەوەی کە بە ڕواڵەت دێـــتە بەرچـــاو. سروشـــتی ئەو ڕێـــژیمەی بەربەرەکـانێی مەدەنـی لە گەڵ دەکـرێ وێـڕای کۆمەڵێـک فـاکتەری دیـکە لە ئاست نێوخـۆیی، نـاوچەی و نێـودەوڵەتی دەبـێ لە بەرچـاو بگیردرێن.

## ڕۆژهەڵاتی کوردسان و ڕاسان

ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە چوارچێـوەی جوگرافیـای سیاسـی ئێرانـدا هەڵکەوتــووە. لە ئێرانــدا، ڕێژیمێکــی دیکتــاتۆر، ڕەگەزپەرەســت و مەزهەبـــگەرا حکـــومەت دەکـــا. لە گەڵ ئەوەی مەســـەلەیەکی حاشـاهەڵنەگرە کە بەربەرەکـانێی مەدەنـی، یـان دروسـترە بڵێـین نافەرمـانی مەدەنـی (civil disobedience)، لە دێموکراسـیدا سـاناترە و تێچـووی کەمتـرە، بەڵام بەربەرەکـانێی مەدەنـی دژ بە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانیش کراوە.

کەوابوو، بەربەرەکانێی مەدەنی دەکرێ لە ئێرانیشدا ئیمکانی هەیە. لە دوو سـاڵی ڕابـردوودا، لە کەمپەینـی جامـانەوە تـاکوو هەڵمەتـی فریـــاکەوتنی لێقەومـــاوانی زەویـــلەرزە لە کرماشـــان، شـــاهیدی

[10] بروانە:
Davies, "The Failure of Strategic Nonviolent Action in Bahrain, Egypt, Libya and Syria", passim.

سەرهەڵدانی بەربەرەکانێی مەدەنی بووین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەڵبەت گرفتێکی جیدی کە لە پێوەندی لە گەڵ سەرکەوتنی بەرەبەرەکانێی مەدەنی لە ئێراندا هەیە، ئەوەیە کە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و نەتەوەی فارس لە ترسی ئەوەی کە ئێران "پارچە پارچە" بێ، نەک تەنیا ئامادە نییە هاوسۆزی لە گەڵ نەتەوەی کورد و باقی نەتەوە زوڵملێکراوەکان نیشان بدا، بەڵکوو بۆ ڕاگرتنی دۆزی هەنووکە، کە لە بەرژەوەندی خۆیدایە، تەنانەت ئامادەیە چاوپۆشی لە ئازادی و دێموکراسیش بکا.[11] ئەمە یەکێک لەو هۆیانەیە کە لە ئێراندا، لە نێو نەتەوەی فارسدا، نارەزایەتی هەیە بە بێ ویستی گۆڕینی ڕێژیم یان ئەنجامدانی بەربەرەکانێی مەدەنی. تەنانەت کاتێک کە بزووتنەوەی سەوز لە ئارادا بوو، ئامانجی زۆر بەرتەسک بوو و داوای وەلابردنی ئەحمەدینیژاد بوو لە سەر پۆستی سەرکۆماریی، نەک گۆڕینی ڕێژیم یان هێنانەدی دێموکراسی. ئەمەش هەر هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوە چەوساوەکان، هاوسۆزی لە گەڵ بزووتنەوەی سەوز دەرنەبڕن.

لە لایەکی دیکەوە، ئەوەی کە لە ئێراندا بە "ریفۆرمخوازی" ناسراوە، یارمەتیدەری مانەوەی ڕێژیمە. بە واتایەکی دیکە، ریفۆرمیستی ئێرانی، ریژیمپارێزن، نەک ڕێژیمگۆڕ.[12] بۆیە، بۆ نەتەوەی فارس ئەگەر تەنانەت بەربەرەکانێی مەدەنیش بکەن، لە دەروونی سیستەمتدا خۆی دەبینێتەوە، لە کاتێکدا بۆ نەتەوەی کورد و باقی

[11] ئەم مەسەلەیە و هێندێک مەسەلەی دیکەی پێوەندیدارم لە وتارێکی دیکەدا شی کردووەتەوە؛ بڕوانە "دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێردراو: کەیسی کۆماری ئیسلامی ئێران"، تیشک، ژمارەی ۴۴، (سێپتامبری ۲۰۱۷)، لا. ۱۴۳-۱۶۳.

[12] بڕوانە هەمان سەرچاوی پێشوو.

نەتەوەکان، بە مەرجێ دێموکراسی و مافی نەتەوایەتییان بوێ، دەبێ دژ بە سیستەم بەربەرەکانێ بکەن.

هەرچەند مرۆڤ ئارەزووی دەکرد سەرکەوتنی بەربەرەکانێی مەدەنی پێویستی بە هەلوومەرجی لەباری نێودەوڵەتی و پشتیوانی دەرەکی نەبایا، بەڵام سەرکەوتنی بەربەرەکانێی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی، پێویستی بە پشتیوانی دەرەکی هەیە.

کۆی ئەو خاڵانە گرنگە لە بەرچاو بگیردرێن لە پێوەندی لە گەڵ هەڵسەنگاندنی ڕاسان و ئەگەری سەرکەوتنی بەرەبەرەکانێی مەدەنی لە شکڵی ڕاساندا.

لە وتارێکی دیکەدا، باسی وێکچوونی ڕاسان و خەباتی ڕزگاریخوازی لە ئەفریقای باشوورم کردووە. هەڵبەت جیاوازیش لە نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەفریقای باشووردا هەیە.[١٣] بەڵام بە مەرجێ ڕاسان پەرەی پێ بدرێ، وێڕای زەمینەی لەباری جێوسیاسی و نێودەوڵەتی، دەتوانێ سەرکەوتن لە شکڵی پاشەکشەکردن بە ڕێژیم لە کوردستان وەدەست بێنێ.

---

١٣ بڕوانە "لە خەبات دژ بە ئەپارتایدەوە بۆ ڕاسان"، ٢١ نۆڤامبری ٢٠١٧، <http://www.kurdistanmedia.com/sorani/dreje/31042>.

# ئانتۆلۆژی خەباتی مەدەنی

## زەروورەتەکان، دەسکەوتەکان

شاهۆ حوسینی

**پێشەکی:**

بێ گومان بەشیکی هەرگرینگی مێژووی سیاسی جیهان لەخۆگری ئەو دەغــدەغەیە بــوە کە چلــۆن دەکرێــت بەر بە پــاوانخوازێتی دەسەڵات، دیکتاتۆرییەت و سەرەرۆیی دەسەڵاتی حکوومی بگیرێت، بـۆ ئەو ئامـانجەش دوو رێگـا رەچـاو کـراوە، **یەکەم:** بەربەرەکـانی و شۆرشـی سـوور واتە کەلـک وەگـرتن لە توونـد و تیـژی و خەبـاتی چەکداری، **دووهەم:** خەبـاتی مەدەنـی و دووره پەرێـزی لە توونـد و تیژی و خەباتی چەکداری.

خەباتی مەدەنی شیوەیەک لە دەربرینـی نارەزایەتی و دژ کـردەوە نیشان دانە بە دژ حکوومەت و سیاسەتەکانی کە لەودا لە هەر جۆرە توونـد و تیـژیەک دووری دەکرێـت و کـۆرگێران و بکەرانـی خـۆ لە هەرجـۆرە توونــد و تیــژیەک دەپــارێزن، خەبــاتی مەدەنــی وەک بەربەرەکـانی دوور لە توونـد وتیـژی بەشـێوەی کـردوە و دژکـردەوە نوانـدنی بە دوور لە توونـد و تیـژی، نافەرمـانی مەدەنـی، بەشـداری نەکردن لە پرۆسەکانی ئابووری، سیاسـی، کلتـووری حکوومی رەچـاو دەکرێت. ئەو شیوە لە خەبات و بەربەرەکانیە لە وڵات گەلیکی وەک ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا، ئارژانتین، برازیـل، کۆریـای باشـوور، فێنلاند، هیند، شیلی، بێرمە، یۆنان و لەپاش کۆتـایی شـەری سارد و رووخـانی یەکێتـی سـۆڤییەت جـگە لە رۆمـانی لە بەشـی هەرە زۆری وڵاتـانی ئۆرووپـای رۆژهەڵاتـی رەچـاو کـراوە و توانیـوێتی سـەرکەوتن وەدەسـت بێنێـت. لە رێـبەرە بەنـاو بانگەکـان و تێئۆریسـییەنە بەنـاو

بانگەکانی ئەو شیوە لە خەباتە دەکرێ بەو ڕێبەر و کەسانە ئاماژە بکرێـت: مەهاتمـا گانـدی، مـارتین لۆتێرکینـگ، نێلسـۆن مانـدێللا، مایکێل نێگلر، مۆبارەک عەواز، ئانگ سان سوچی، ئادام میلیچینک، لیئۆی تۆلستۆی، ئاندرێ ساخارۆف، وسلاو هاول، جین شارپ، لێخ والێسا و .....هتد.

لێکۆڵەران مێژووی خەباتی مەدەنی و بەرخـۆدانی دوور لە توونـد و تیژی دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین لە وڵاتـی چـین و بــاس لە قوتابخــانەی فەلســەفی "مۆهیســم" دەکەن، مەکتەبێکــی فەلســـەفی دژ بە شــــەر و توونـــد و تیـــژی کە لەگەڵ ئەوەدا لە سەردەمی سیاسەت کردن بە کەلک وەرگرتن لەشەر وجەنگاوەری‌دا سەری هەڵدابوو، بەڵام دژایەتـی دەکـرد لەگەڵ شـەر و زانسـت قەڵا ساز کردن و خۆپاراستن و دوورە پەرێزی لەشەر پەرە پێ‌دەدا.

هەروەها لێکۆڵەران باس لە خۆپێشاندان و خەباتی دوور لە توونـد و تیژە یەدۆهێەکان دەکەن لە ئورشەلیم لە سەدەی یەکەمی بەر زایین بۆ لەبەر چاو نەگرتن و جێ بەجێ نەکردنی یاساکانی ڕوومی.

بەگشـتی توێژینەوەکـان لەمەر خەبـات و بەربەرەکـانی مەدەنـی لە مێـژووی سیاسـی جیهـان‌دا دەرخەری ئەو راسـتێیە کە ئەو شـیوە لە خەباتە لە هەموو کەلێن و قوژنێکی ئەم جیهانە ڕەچـاو کـراوە و تـاقی کــراوەتەوە، بەڵام ســەرکەوتن و ســەرنەکەوتنی ئەو دەگــرێتەوە بــۆ هێندیک فاکتەری گرینگ کە هەولدەدرێت تیشکی بخرێتە سەر.

**زەروورەتەکان خەباتی مەدەنی:**

بەستێنی سیاسی جیهان لە سی، چل سالی رابردوو شاهیدی رووخان و تێکچوونی بەشیکی زۆر لە دیکتاتۆرەکان بوە کە لەلایەن هیزی جەماوەری خەڵک تێقرماون یان لەرزۆک بوون، بەشیکی زۆر لەو دیکتاتۆرانە بەرواڵەت زۆریش بەهێز و خاوەن دەسەڵات بوون، بەڵام لە بەرامبەر بەرخۆدانی یەکگرتوانەی کۆمەڵانی خەڵک بە دوور لە توند و تیژیش تێکقرماون و تووشی نسکۆ هاتوون. لانی‌کەم لە دەیەی هەشتای زایینیێوە زێدە لە بیست شۆرشی مەدەنی لە سەراسەری جیهان توانیویانە بەسەر دیکتاتۆرەکان دا زاڵ بن، ئەگەر چی بەشیکی تریش لەو شۆرشانە بەتەواوێتی بەسەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان‌دا نەیان توانی زاڵ ببن، بەڵام توانیان تا ڕادەیەکی زۆر سیما و هەیمەنەی ئەوان بشکێنن. بۆ ئەو مەبەستەش زەرووری ترین هەنگاوەکانی کە بۆ لەناو بردنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر رەچاو کراون بریتی بوون لە:

١_ بەدەیهاتنی گوتاریکی ئەڵترناتیو لە بەرامبەر گوتاری زاڵ و هێژمۆنی حکوومەت یان دەسەڵاتی سیاسی، کە بتوانێت پاشەکشە بە گوتاری زاڵی حاکمییەت بکات، ئەوەش زەمانێک موومکینە ئەو گوتارەی سەری هەڵداوە و دەیهەوێت وەک ئەڵترناتیڤ لە بەرامبەر گوتاری حکوومەت‌دا هێژمۆنی وەدەست بێنێت، لەخۆگری ویست و خواستی هەموو چین و توێژەکان، کەمینەکانی ئایینی، کلتووری و نەتەوەیی بێت، واتە گوتارێک بێت کە دالی ناوەندی ئەو جێگای متمانەی هەموو کۆمەڵگا بێت و بتوانێت ویست و خواستە

جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا وەک داڵی پەراوێز لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

٢_ متمانە و باوەر بە سەرکەوتن لەناو کۆمەڵگای دژبەری دەسەڵاتی حاکمدا بەدی بێت، بەجۆرێک کە مەهارەتەکانی بەربەرەکانی لەناو خەڵکدا پەرە بستێنێت.

٣_پێویستە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و مەدەنیٖ سەربەخۆکان لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە دەوری گوتاری هاوبەش و لەخزمەت پەرەی ئەو گوتارە هاوبەشە پێک بێت و بەرەبەرە ئەو ناوەندە سەربەخۆ مەدەنیانە هێزیکی ناوخۆیی یەکگرتوو لەناو کۆمەڵگادا لەبەرامبەر هێزی نامەشرووعی دەسەڵاتی حاکم بەدی بێنن.

٤_ پێویستە لەژێر ڕێنماییەکانی گوتاری هاوبەش و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێکخراوە مەدەنییە سەربەخۆکان، گەڵاڵەیەکی ستراتژیک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی حاکم بۆ وەدەست هینانی ئازادی و دیمۆکراتیزاسیون ئامادە بکەن و بیکەنە نەقشەی ڕێگا. ئەگەر چی لەرابردوا بەربەرەکانی بەدژ دیکتاتۆرەکان زۆر جار لە غیابی گەڵالە و پلانێکی ستراتژیک بەرێوە چوە، بەڵام حاشا هەڵنەگرە بە هۆی تایبەتمەندیەکانی جیاوازی دیکتاتۆرەکانی سەردەم لەگەڵ دەسەڵاتە پاوانخوازەکانی پێشوو، بوونی گەڵاڵە و پلانی ستراتژیک زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگرە، چوونکە هەرجۆرە پلان و گەڵاڵەیەکی کار بۆکراو و دەوڵەمەند لەبواری زانستی بەو پێیەی کە ئەمرۆکە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی، عادەت و خولقی

مرۆڤەکان، شێوەی روانین و کاردانەوەکانی ئەو شێوە روانینانە تا رادەیەکی زۆر لەبەر دەست دایە، دەتوانێت شانسی سەرکەوتنی خەبات بە دژ دیکتاتۆرییەت و رەوتی دیمۆکراتیزاسیون بەرێتە سەرێ.

خوێندنەوەی ئەو ئاڵوگۆرانەی کە توانیویانە دیمۆکراتیزاسیون مسۆگەر بکەن دەری خستوە کە ئازاد بوون لە دەست دیکتاتۆرییەت، لە غیابی هەموو چین و توێژەکان بەشێوەیەکی یەکگرتوو موومکین نیە، واتە ئەگەر چەپە ئۆرتۆدۆکسەکان پەرەپێدەری عەقڵییەتی درەختی لە خەبات بوون کە لەودا هەموو کۆمەڵگا پێویستە شوێن گەلالە و مێتۆدی کەمینەیەک شۆرشگێری حیرفەیی کەوێت، ئەوا مۆدیلی رایزۆماتیکی دلوز لەسەر ئەو باوەرەیە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەقەد زەرف و مەقدووراتی خۆیان دەبێت لە پرۆسەی دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیمۆکراتیزاسیون کەڵکیان لێوەربگیرێت و هەموو بەشداری پرۆسەی خەبات ببن و پەراوێز نەخرێن.

**دەسکەوتەکانی خەباتی مەدەنی:**

خەباتی مەدەنی کە لەخۆگری کۆی گشتی جموجۆڵی ئەو بەشە لە کۆمەلگایە کە بەپێچەوانەی حیزب و ریکخراوە سیاسییەکان کە ئامانجیان گەیشتن بەدەسەڵاتە، ئامانجیان پاشەکشە بە دەسەڵات، سنووردارتر کردنی دەسەڵات و سەپاندنی ویست و خواستەکانێتی بە دەسەڵات و حاکمییت، بۆیەش دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بەهیچ شیوەیەک خوازیاری گەشە و دەوری ئەوجۆرە خەباتە نین، چوون بە

بیانووی ئەو خەباتە مەجالی بەربڵاوی توونـد و تیژیـان نـیە و لەجێگایەک‌دا دەبێت دان بە ویست و خواستەکانی ئەو بزاڤە هەر چەند لانێکەمیش دابنێن، واتە یەکەم دەسکەوتی ئەو جۆرە خەباتە دەستەوەستان کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە رووبەروو بونەوە لەگەڵ ئەو بـــزاڤەیە، لەهەمـــان حـــال دا لەدەرەوەی ســـنوورەکانی ئەو جوغرافیایەی کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بەسەردا حاکمە بیر و رای گشتی پشتیوانی زیاتر و بەربەرین تر لەو جۆرە بزاڤانە دەکەن.

خەبـاتی مەدەنـی ئەگەر رووبەکـی روو لە بەربەرەکـانی لەگەڵ دەسـەڵاتێکی پـاوانخوازە ئەوا رووبەکـی تـری، رووی لە تەربـیەت و پێگەیانـدنی تـاک و کۆمەلگـایە، پێگەیانـدنی تـاک و کۆمەڵگـایەکی بەرپـرس و مەسئول لەبەرامـبەر چارەنووسـی خۆیـدا، ئەو تەربیـەتە ئەگەر یەکەم ئاکـامی لە بەربەرەکـانی لەگەڵ دەســەڵاتی حـاکم‌دا رەنـگ دەداتەوە، لەپاش رووخـان و نەمانی دەسـەڵاتی دیکتـاتۆر ئەوا هـیچ کـات ئیـزن نـادەن و بەسـتێنێک پێـک نـاهێنن کە لەودا، بـۆ جـاریکی تـر دەســەڵاتێکی تـری دیکتـاتۆر سـەرهەڵبداتەوە، واتە دەسکەوتی دووهەمی خەباتی مەدەنی پێشگرتن بە دووپات بوونە و سـەرهەڵدانەوەی دەســەڵاتێکی تـری دیکتـاتۆر و پـاوانخوازە، ئەوە لەحاڵێک‌دایە کە مێـژووی ئالوگۆرییـەکانی سیاسـی نیشـانی داوە ئەو دەســەڵاتانەی بە شـۆرش و توونـد و تیـژی رووخـاوەن، بەگشـتی دەسەڵاتێکی تری دیکاتۆریان بەخۆیانەوە دیتۆتەوە.

**ئاکام:**

خەباتی مەدەنی بەگشتی لەو وڵاتانە توانیویێتی کە سەر هەلبدات و بە ئاکام بگات کە بەشی هەرە زۆریان تاک نەتەوە، تاک کلتوور و تاک زمانن، واتە لە یەک نەتەوە پێکهاتوە و لەوەها دۆخێکیش‌دا سەرهەڵدانی گوتارێک کە بتوانێت کۆمەلگا لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە مەجال و ئیحتمالی زۆرە، ئەوە لە کاتێک‌دایە کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە کلتوور و فرە خواستە، بۆیەش هەر ئەو تایبەتمەندییە بۆتە هۆکاری سەرەکی لە پێکهاتنی گۆتاریکی هاوبەش کە هەموو کۆمەلگا لە دەوری یەک کۆبکاتەوە، واتە بەستێن و زەمینە بۆ سەرهەڵدان و پەرەی کۆمەلگایەکی مەدەنی مسۆگەر و پەرەئەستاندوو زۆر لەبار نیە، ئەگەر چی سەرهەڵدان و پەرەی کۆمەلگای مەدەنیش نامومکین نیە، بەلام بە نیسبەت ئەو وڵاتانەی کە لەخۆگری یەک نەتەوەیە، هێژمۆنی و دەسەڵاتی زۆر کەمترە، بۆیە لە وڵاتێکی وەک ئێران خەباتی مەدەنی و بەربەرەکانی مەدەنی بەتەنیا لاوازتر لەوەیە کە بتوانێت پاشەکشە بە دەسەڵاتی پاوانخواز و دیکتاتۆر بکات، بە تایبەت لەناو کۆمەڵگای کوردی کە لەئێران کەمینەیە، بەڵام وەک باس کرا ئەوە غەیری موومکین نیە، بۆ ئەو مەبەستەش کورد پێویستە کە لەگەڵ ئەو هزر و هێزانەی کە روانگەیەکی کراوە و دێموکراتیکیان بۆ دوارۆژی ئێران هەیە لە ئەگەری هەر جۆرە ئاڵوگۆریەک، لێک نزیک ببنەوە و جۆرێک هەواهەنگی و هاوکاریان هەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە کورد پێوەندیکانی لەگەڵ هێزە دێمۆکراتە سەراسەرییەکانی نێو ئێران نۆژەن بکاتەوە، چوون ئەزموونی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا

نیشانی داوە کە کورد وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕیەک بەتەنیا ئەو هێزە نیە کە بتوانێت لە بەستێنی سیاسیدا هێژمۆن و کارتێکەر بێت، لە هەمان کاتیش دا کورد پێویستی بە هێزیکی چەکداری نەتەوەیی هەیە کە بتوانێت هێزی چانەزەنی و دانووستانی کورد لە بەستێنی سیاسی ئێراندا بەرێتە سەر، واتە ئەگەر نووکی پەیکانی سیاسەتی کوردی خەباتی مەدەنیە و لەلایەن حیزب و رێکخراوە مەدەنێکان رێبەری دەکەرێت، بەڵام بە هۆی تایبەتمەندی ژینگەی کورد لە ئێران کە هەم لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست و هەمیش لەگەڵ کەمینەی ئازەری لەوانەیە تووشی کێشە بێت، هێزێکی چەکداری نەتەوەیی دەتوانێت وەک پشتیوانی کۆمەلگای مەدەنی و خەباتی مەدەنی بۆ پێش گرتن لە نسکۆی کۆمەلگای مەدەنی و رێکخراوە مەدەنییەکان کارتێکەری پۆزێتیڤی هەبێت.

تیشک

# خەباتی مەدەنی

عەبدوڵڵا حیجاب

خــەبات یــا خــۆڕاگری مــەدەنی شــێوەیەکی بەگژداچوونــەوەی دەسەڵاتدارانە کە تێیدا تاک یا کۆمەڵێک مرۆڤ بە پێی پلان و بە ئاگاییەوە، بە بێ پەنا بردن بۆ توندوتیژی بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی یا هتد ڕادەپەڕن یا بە شێوەیەکی بەردەوام لە دژی دەسەڵاتداران لە تێکۆشان و چالاکی دادەبن. تەنیا پێوانەی هاوبەش لەو شێوە خەباتەدا خۆپاراستن لە هەر چەشنە توندوتیژییەک لە لایەن بەشداربووەکانەوەیە، تەنانەت کاتێک کە لایەنی بەرامبەر یا دەسەڵاتدار بە شێوەی زۆر دڕندانە دژکردەوە نیشان بدا و پەنا بۆ سەرکوت و زەبر و زەنگ ببا. بێجگە لەو لایەنە هاوبەشە ناکرێ لە پێشدا چوارچێوە یا سنوورێکی دیاری کراو بۆ چۆنیەتی یا شێوەی خەباتی مەدەنی دابندرێ. تەنیا جەوهەری ئەو پرسانەی کە خەباتیان بۆ دەکرێ، هەل و مەرجی بەرچاو و بیرلێکراو، ڕادە و ڕێژەی ڕێگەپێدان و چۆنیەتیی هەڵسو کەوتی لایەنی بەرامبەرە کە دیاری دەکا لە چ هەلو مەرجێکدا چ شێوە چالاکییەکی مەدەنی گونجاو و دروست یا کاریگەرە و دەتوانێ بە ئەنجام بگا.

تێکۆشان لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجێکی خوازراو یا بە مەبەستی پێشی پێ گرتن بە بەڕێوەچوونی بڕیار یا کردەوەیەکی نەخوازراودا، بە چەکەرەکردنی بیرۆکەی خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەو بێ عەدالەتییەدا دەست پێدەکا کە لایەنی زوڵم لێکراو هەست دەکا لایەنی دەسەڵاتدار لە دژی دەکا یا کار و هەڵوێستێکی زۆرەملیی بە

سەردا دەسەپێنێ. کە وابوو یەکەم هەنگاو بۆ دەستپێکردنی خەباتی مەدەنی، وشیاربوونەوە و هەست کردن بە نابەرابەری لە کۆمەڵگادا یا بە نیسبەت تاکێکی کۆمەڵگایە. هەنگاوی دووهەم ئیرادەیە، واتا بڕیارێک کە هاندەرە بۆ دەربڕینی دژکردەوە تا بتوانێ مرۆڤ ئامادە بکا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بڕیارەکەی ئامادە بێ نرخی پێویست بدا. دواتر دەبێ هەنگاوی بە کردەوە هەڵبگیرێ تا ئیرادەی تاک یا کۆمەڵگا بۆ دژبەری کردن لە گەڵ ئەو نابەرابەرییەی باسی لێوە دەکرێ وەدەرکەوێ و بە گوێی دەسەڵاتداران ڕابگا. هەر لەو کاتەش دا بۆ ئەوەی بیانوو نەدرێتە دەستی لایەنی دەسەڵاتدار تا بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی خۆی مەشرووعییەت بە بەکارهێنانی توندوتیژی بدا، پێویستی بە زەق کردنەوەی لایەنی دوورەپەرێز لە توندوتیژی لە خەباتی مەدەنی دا هەیە. ئەو کارەش دیسپلینێکی بە هێز و ئیرادەیەکی پتەوی دەوێ کە تاک یا کۆمەڵگا وێڕای بەردەوامبوون لە داخوازییەکانی، بتوانێ پێش بە هەستی بەشداربووەکان بگرێ و ڕێگا نەدا بە هیچ شێوەیەک دەست بۆ توندوتیژی ببرێ. هەر چەند خۆڕاگری یا بەرخۆدان بە بێ پەنا بردن بۆ توندوتیژی، لە چوارچێوەیەکدا کە بە توندوتیژی فرچکی گرتوە و پێی دەژی دیاردەیەکی دژوار، پڕ مەترسی و زۆرجاریش کەم کاریگەرییە.

له خەباتی مەدەنی دا تا ئێستا دوو شێوەی نافەرمانی مەدەنی ( ivil disobedienceC) و بەرخۆدانی مەدەنی ( Civil resistance) تۆمار کراون. نافەرمانی مەدەنی بە واتای خۆپاراستن لە بەڕێوەبردنی فەرمانێک، ئەنجامدانی کارێک، بەشداری کردن لە

چالاکییەک، کڕین یا بەکارهێنانی کاڵایەک، لەبەرکردنی جلکێکی تایبەت یا ڕەچاوکردنی ستایلێکی تایبەت و هتدیە. لەو شێوە خەباتەدا، بکەر بە شێوەی دیار خۆی لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە بۆ لایەنی بەرامبەر گرینگە یا دواتر گرینگیی پێ دەدرێ دەپارێزێ. کاتێک موهانداس گاندی لە ساڵەکانی ٣٠ و ٤٠ ی سەدەی ڕابردوودا بڕیاری دا قوماشی بەرهەم هاتوو لە کارگاکانی ئینگلیسی یا ئەو کارگایانەی کە بە تێکنۆلۆژیای ئینگلیسی کاریان دەکرد بۆ جل و بەرگی خۆی بە کار نەیەنێ، یا خوێی بەرهەم هاتوو لە کارخانەکان بۆ چێشت لێنان بە کار نەیەنێ، ئەو بڕیاری نافەرمانیەکی مەدەنی دا. دواتر کە گاندی بڕیاری دا خەڵک ڕوو لە دەریا بکەن و خوێی خۆماڵی بۆ بەکارهێنان کۆ بکەنەوە، یا بۆخۆی دەستی کرد بە کەڵک وەرگرتن لە خوری خۆماڵی، بۆ چنینی جل و بەرگی خۆی، ئەو نافەرمانی مەدەنییەی گوێستەوە بۆ چالاکی بەرخوەدانی مەدەنی، واتا لە چالاکی (نە) گوتنەوە، ڕووی کردە (بەڵێ) بۆ بەرهەمی خۆماڵی، و بەو شێوەیە چالاکانە بە گژ دەسەڵاتی بریتانیا دا چوو کە لە ساڵانی ١٨٥٨ەوە تا ١٩٤٧ سەروەری هەموو هیندوستان بوو.

ڕاپەڕینی جووتیارانی کورد لە دژی سەرەڕۆیی دەربەگەکان و بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری دەوڵەتی محەممەدی موسەدیق بە قازانجی جووتیاران کە لە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە ناوچەی موکریان شکڵی گرت، نموونەیەکی دیکە لە خەباتی مەدەنی بە شێوەی کرداری یا چالاک بوو. لەو خەباتەدا بەشداران لە جیاتی

خۆبـواردن لـه بـەڕێوەبردنی بڕیارێـک، بـه مەبەسـتی بـەڕێوەبردنی بڕیارێـک کـه جێـی پەسـندی خۆیـان بـوو بـەڵام لـه لایـەن چینێکـی خـاوەن دەسـەڵاتەوە دژایـەتی دەکـرا، چالاکانـە ڕژانـە گۆڕەپانەکانـەوە. ئـەو ڕاپەڕینـە چالاکییـەکی خۆڕاگرانـە بـوو کـە بـە بێ پـەنا بـردن بۆ تونـدوتیژی، ئامـانجێکی سیاسـی بـەرز کـردەوە و لـە پێناویشـی دا خۆڕاگریی کرد. چالاکیی جووتیاران کە پشتیوانی و هاندانی حیزبی دێمۆکراتی لە گەڵ بوو، نموونەیەکی دیار لە بەرخوەدانی مـەدەنی لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆ نافەرمانی مەدەنی، دەکرێ باسی چـالاکیی (ئەمەرپاشـای قەڵەڕەشـێ) بکـرێ کـە ناوبـانگی سـاڵانێکە سـنووری ناوچەکانی ڕەبەت و سەردەشتی تێپەڕاندوە بەوەی کە دەیگوت (مـن سەرباز نادەم بـەو دەوڵەتـە). نـەدانی سـەرباز بـە دەسـەڵاتێک کـە لـە ڕوانگـەی ئـەو و بەشـێکی زۆری خەڵکـەوە ڕەوایـی نـەبوو، دیـارترین شـێوەی خـەباتی بـە دوور لـە تونـدوتیژی لـە سـەردەمێکدا بـوو کـە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێراندا بە خێرایی باڵی بە سەر هەموو کەلێن و قوژبنی وڵات دا دەکێشا و دەرەتانی دژبەری لە گەڵ فەرمانـەکانی دەسەڵاتی بە کەس نەدەدا. ئەو شێوە خۆڕاگرییە (نەرینی)یە دەربڕی هەڵوێستی تاکێکی وشیار و بە بڕیارە لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی پۆشتە و پەرداخدا بوو کە بە شێوەی نافەرمانی مەدەنی بەڕێوە دەچوو.

چالاکڤانی خۆڕاگری کورد، مەهدی زانا لە بیرەوەرییەکانی خۆی دا سـەبارەت بـە تونـدوتیژیی سنوورنەناسـی دەسـەڵاتدارانی تورکیـە لـە دژی شۆڕشـگێڕانی کـورد کـە ساڵەکانی ٨٠ی سـەدەی ڕابـردوو لـە گرتووخانەی ئامەد خۆڕاگرییان دەکرد، دەڵێ ئێمـە بـەوە هێزمـان بۆ

خۆڕاگری دەگرتەوە کە پێمان وابوو، دەوڵەتی تورک ئەوندە خوێنمان دەڕێژێ و جینایەتمان لە دژ دەکا تا لە کۆتایی دا لە نێو خوێن و خۆڕاگریی ئێمەدا دەخینکێ. بە قسەی زانا و ئەو شۆڕشگێرانەی کە بە خۆڕاگریی خۆیان دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆیان ناچار کرد لە بەرامبەر ئیرادەی ئەوان دا تەسلیم بن، بە دروشمی (بەرخوەدان ژیانە) توانییان خۆڕاگری بکەن و هەر ئەو دروشمەش سەرچاوەی هێزی ئەوان بوو لە دژی ستەمی کاربەدەستان. ئێستا دیارترین شێوەی چالاکیی بەردەوامی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چالاکی (دایکانی شەممە)یە کە لە ٢٧ی گوڵانی ١٩٩٥ەوە بە شێوەی بەردەوام هەموو شەممەیەک بە هەڵگرتنی وێنەی ڕۆڵە ونبووەکانیان لە گۆڕەپانی گالاتاسەرای ئیستامبۆل کۆدەبنەوە و داوای دیارکردنی چارەنووسی ڕۆڵەکانیان لە دەوڵەتی تورکیا دەکەن. ئەو چالاکییە بە دەستپێشخەریی چەند دایکی کورد دەستی پێکرد کە ڕۆڵەکانیان لە گەرمەی گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستاندا بە دەستی هێزەکانی شاردراوەی(ئەرگەنەکۆن) سەر بە دەوڵەتەوە، بەهۆی چالاکی سیاسی و کولتوورییانەوە دەڕفێندران و بێ سەروشوێن دەکران.

لە نێوان بەرخوەدانی مەدەنی، مافی مرۆڤ، مافی تاک بۆ ژیان و ئازادی و دیاردەی دێمۆکراسی دا پێوەندییەکی نەپچراو هەیە. لە هەر شوێنێک کە مرۆڤ وەکوو بوونەوەری خاوەن ماف ڕێزی لێ بگیرێ، ڕێگە دەدرێ کە ڕوانگە و هەڵوێستی ئەندامە ئاساییەکانی کۆمەڵگاش کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی سیاسی و بەڕێوەبەری هەبێ.

ئاستی پەرگرتنی دێمۆکراسی گرینگە، بەڵام زۆر جاریش تێڕوانینی دەسەڵاتداران بۆ تاک و کۆمەڵگا تەنانەت بەر لە شکڵ گرتنی سیستەمی دێمۆکراتیکیش کاریگەریی هەیە لە سەر ڕێز گرتن لە مافی تاک بۆ پاراستن و ڕێز گرتن لەو دیاردانەی کە بۆ ناسنامە و مافی ئەو گرینگن. بۆ نموونە کاربەدەستانی کۆلۆنیالیستی بریتانیا لە ساڵەکانی نێوان شەڕەکانی جیهانی یەکەم و دووهەم لە وەڵاتانی ئاسیادا، بە ڕادەی ئێستا و وەکوو ئەمڕۆ فرچکیان بە دێمۆکراسی و مافی مرۆڤەوە نەگرتبوو، بەڵام خاوەنی کولتوورێکی سیاسی و ئەخلاقی بوون کە ڕێگەی پێی نەدەدا لە بەرامبەر ویستی کەسانی بێ چەکی دژبەری خۆیاندا لە هەموو کات و ساتێکدا توندوتیژی بە کار بێنن. ئەو فەرهەنگە، ئەگەر سنووردار و بە زەحمەتیش بێ، بەڵام دیسانیش دەرەتانی ئەوەی دەڕەخساند کە خەباتی مەدەنی لە وڵات و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان دا شکڵ بگرێ، پەرە بستێنێ، خۆی بە ڕێکخستن بکا، ئامانجەکانی بۆ کەمەڵگا شی بکاتەوە و داخوازییەکانی لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا بەرز بکاتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و لەو وڵاتانەی کە بە سەر کوردستاندا زاڵن بە تایبەتی، بە دەگمەن دەرفەت بۆ شکڵگرتن و بەرەوپێش چوونی خەباتی مەدەنی دەڕەخسێ. دەسەڵاتی سەرڕۆی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر سنووردار و بە دەگمەن دەرفەت بە سەرهەڵدانی خەباتی مەدەنی دەدا. بۆیەش بێجگە لە چەند نموونەی وەک چالاکیی مامۆستایان بۆ مسۆگەرکردنی مافە ڕۆژانەکانیان، خۆڕاگریی هێندێک تاک وەکوو بەڕێوەبەری پێشووی ڕێکخراوی

مافی مرۆڤی کورد محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ باشتر کردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و هێندێک نموونەی لەو چەشنە کە هیچیشیان بێ سزادان نەبوون، ئەزموونی خەباتی مەدەنی تا ئێستا سنووردار و ناسەرکەوتوو بووە. هۆکارەکەی وەک ئاماژەی پێ درا، دەگەڕێتەوە بۆ سەر دژکردەوەی توندی دەسەڵاتداران لە بەرامبەر هەر چەشنە چالاکییەکی مافخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر هەر ناو و بە هەر نیشانەیەک بێ. تەنانەت داوایەکی ساکاری وەکوو داخوازی خەڵکی ئاواییەک بۆ ڕاکێشانی بۆڕی ئاو یا ڕایەڵکەی کارەبا، تەلەفۆن، چاککردنی ڕێگاوبان و هتدیش بە داخوازییەکانی گشتی بزووتنەوەی سیاسی کوردستانەوە گرێ دەدرێ کە بە ڕەچاوکردنی خەباتی چەکدارانە لە دژی دەسەڵاتداران ناسراوە.

بەڵام لە بەشێک لە وڵاتان، لە هەر شوێنێک کە دەسەڵاتداران ڕای گەلیان بۆ گرینگ بووبێ و ئامادە نەبن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان بە هەموو نرخێک سنووری مرۆڤایەتی ببەزێنن، خەباتی مەدەنی هەم لە شکڵی نافەرمانی مەدەنی و هەمیش لە شێوەی بەرخوەدانی مەدەنی دا کاریگەر و بە ئەنجام بووە. دیارترین نموونەشی خەباتی بە دوور لە توندوتیژیی بزووتنەوەی نەتەوەیی هیندوستان بوو کە موهانداس کارام چاند گاندی (١٨٦٩ بۆ ١٩٤٨ ) سەرکردایەتی دەکرد و لە ساڵی ١٩٤٧ دا بە ئەنجامی گەیاند. ناوی هێندێک کەسایەتی دیکەی دیار و شوێندانەر لە سەر خەباتی مەدەنی لە جیهان وەک مارتین لۆتێر کینگ، پێشەنگی بزووتنەوەی

یەکسانی ڕەگەزی لە ئامریکا و نێلسۆن ماندێللا پاش دەستگیرکرانی و لە ماوەی بەندیبوونی لـە گرتووخانـەی ڕووبین ئایلانـدی ئافریقای باشوور وەک ڕێبەری خەباتی هێمنانە لـە دژی ئاپارتایـد لـە مێـژوودا بـە یادگـار مـاون. هـەر وەهـا بزووتنـەوەی مافـە مەدەنییـەکان لـە باکووری ئیرلاند، توندوتیژییەکانی (ئای ئار ئەی) لێ دەرچێ، وەک نموونـەی خـەباتی مـەدەنی بـۆ گەیشـتن بـە ئامـانجی سیاسـی تۆمـار کـراون. بـەڵام سـەرکەوتووترین نموونـەی خـەباتی مـەدەنی لـە پێنـاو ئامانجی سیاسی دا هەر خەباتی خەڵکی هیندوستان بە پێشـەنگایەتی گاندی بوو کە تا ئێستا نموونەی نـەبووە و لـە هـیچ جێگایـەکی دیکـە دووپات نەبۆتەوە.

بـۆ گانـدی، خۆپاراسـتن لـە تونـدوتیژی، پڕەنسـیپێکی ئـەخلاقی، سیاسی، فەلسەفی، ئاینی و مرۆڤایـەتی بـوو. ئـەو بـە ڕادەیـەک دوورە پەرێز بوو لە توندوتیژی کە تەنانەت ئامـادە نـەبوو لـە پێنـاو ئـازادیی نەتەوەکەشـی دا پـەنا بەرێتـە بـەر تونـد و تیـژی. سـنووری ئـەو بـۆ پەنابردن بۆ توندوتیژی تەنیا و تەنیا تێپەڕکردنی سنووری ترسنۆکی بوو، چونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەگەر بژاردەی بـەر دەسـت، تـەنیا و تـەنیا هـەڵبژاردنی نێـوان ترسـنۆکی و تونـدوتیژی بـێ، لـەو کاتـەدا ئـەویش تونـدوتیژی هەڵـدەبژێرێ. هـەر لـەو کاتـەش دا گانـدی پێداگری دەکرد کە (سەرکوتن لـە ڕێگـای تونـد و تیژییـەوە هاوسانە لە گەڵ شکان، چونکە وەها سەرکەوتنێک کورت خایەن) دەبێ. بۆیە ئـەو هـەموو هـەوڵێکی دا تـا ڕێگـا نـەدا بزووتنـەوەی نەتـەوەیی لـە هیندوستان پەنا بباتە بەر چەک، زۆرداری یا خـود شـکڵێکی دیکـەی

توندوتیژی. لە بەرامبەر شێوازی خەباتی گاندی دا، دەسەڵاتی بریتانیا و هاوپەیمانە خۆجێیەکانیشی بۆ سەرکوت کردنی داخوازییەکانی خەڵکی هیندوستان بە دەگمەن هەموو سنوورەکانیان تێپەڕ دەکرد. هەر چەند شانازیی خەباتی مەدەنی و فەلسەفەی خۆپاریزی لە توندوتیژی تەنیا و تەنیا شایانی گاندی و بەستراوە بە کەسایەتی ئەووەیە.

گاندی بە پشت بەستن بە هێزی (ویژدانی تاک لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ) دا هەم لە ئافریقای باشوور، کە سەرەتای ژیانی پاریزەریی خۆی لەوێ ڕا دەست پێکردبوو (ساڵەکانی ١٨٩٣ و ١٩١٥) و هەمیش دواتر لە هیند، بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرین و فرە ڕەهەند بەڵام دوورەپەرێز لە توندوتیژیی وەڕێ خست. بە بۆچوونی ئەو هێزی ڕاستی کە لە ویژدانی وشیار و ڕاپەڕیوی تاکەوە سەرچاوە دەگرێ، دەتوانێ بە خۆڕاگریی بە بێ پەنا بردن بۆ توندوتیژی ئەوەندە زەخت بۆ ویژدانی دەسەڵاتدارانی سەرڕۆ بێنێ کە ئەوان ناچار بن یا خۆیان بگۆڕن یا ڕێز لە ئیرادەی خەڵک بگرن. گاندی بڕوایەکی قووڵی بە هێزی ئیرادە و خۆڕاگری هەبوو. لە ڕوانگەی ئەووەوە هیچ چەکێک لە چەکی ئیرادە بە هێزتر و کاریگەرتر نەبوو چونکە ئەگەر مرۆڤ ئامادە بوو بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی لە هەموو شتێک بگوزەرێ، سنووری ئازارگەیاندن بە خەڵکی دیکە نەبێ، ئەو دەم لایەنی بەرامبەر ناتوانێ بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆی بە شێوەی سەرەڕۆیانە بەرەو پێش ببا، و سەرئەنجام ناچار بە پاشەکشە دەبێ.

لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانی سیاسی خۆی دا، کاتێک گاندی بۆ یەکەم جار لە ئافریقای باشووە دەستی بە پیشەی پارێزەری کرد، بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەسەڵاتدارانی سەر بە بریتانیا ناسنامەی بریتانیایی خۆی سووتاند. هاوکات لە گەڵ ئەو هەنگاوە، ئەو داوای لە هاوپێشە و لایەنگرانی خۆی کرد کە ناسنامە بریتانیاییەکانیان بسووتێنن و نیشان بدەن کە ئامادە نین هەڵگری ناسنامەیەک بن کە دەسەڵاتی بەکارهێنەری ئەو ناسنامەیە خەڵک دەچەوسێنێتەوە. ئەو هەنگاوە بۆ دەسەڵاتدارانی بریتانیا تێپەڕکردنی هێڵی سوور بوو، بەڵام گاندی بوێرانە لە بەرامبەریان دا ڕاوەستا و سەلماندی کە لە بەرامبەر شکاندنی نرخەکانی خۆی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەویش بە شێوەی خۆی نرخەکانی لایەنی سەردەست پێشێل دەکا، بە بێ ئەوەی ئازار بە کەسێک بگەیەنێ.

ساڵی ١٩١٥ گاندی گەرایەوە هیندوستان و بڕیاری دا شێوە خەباتی بە دوور لە توندوتیژی لە وەڵاتی خۆی دا لە دژی داگیرکەرانی بریتانیایی بەردەوام بکا. هەر پاش گەڕانەوەی، ئەو پێوەندی بە کۆنگرەی نەتەوەیی هیندوستانەوە گرت و بوو بە ئەندام، بەڵام بڕیاری دا پێشتر کەلێن و قوژبنەکانی وڵاتی خۆی بگەرێ و لە گەڵ خەڵکەکەی خۆی لە نزیکەوە ئاشنا بێ، بیانناسێتەوە، لە گەڵیان بدوێ و ئامادەیان بکا، لە هەمان کات دا کە خۆیشی بۆ ڕێگایەکی دوور و درێژی خەباتی مەدەنی ئامادە دەکرد. پەیوەست بوونی گاندی بە کۆنگرەی نەتەوەییەوە، گڕ و تینێکی بە چالاکییەکانی

کۆنگرە بەخشی. هەر لەو کاتەشدا بیرۆکەی خەباتی چەکدارانە بۆ سەربەخۆیی کە لە لایەن بەشێک لە سەرکردەکانی کۆنگرەوە بە گەرمی باسی لێوە دەکرا، لە گەڵ بەرەنگاربوونەوەی جیددەی ڕووبەڕوو کرد، بە شێوەیەک کە زۆری پێ نەچوو ئەو بیرۆکەیە قورسایی خۆی لە نێو کۆنگرەی نەتەوەیی هیندوستان دا لە دەست دا.

خەباتی گاندی لە پێناو خۆبەڕێوەبەریی هیندوستان یا (سواراج)، (سوا بە واتای خۆی، راج بە واتای بەڕێوەبەری کە لە زمانی کوردیدا واتای خۆیبوون یا خۆبەڕێوەبەری دەدا)، خەباتێکی بێ وەستان بەڵام دوورەپەرێز لە شەڕ و توندوتیژی بوو. لە سەرەتا دا گاندی بە تەما نەبوو کە وڵات بەرەو سەربەخۆیی ڕێبەری بکا، بۆ ئەو (خۆیبوون) هەنگاوێکی پێویست بوو بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگا بۆ بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی. بەڵام لە ماوەیەکی کورت دا ئەو بۆچوونەکانی خۆی تەکمیلتر کرد و بزووتنەوەی خۆیبوونی لە ساڵی ١٩٤٢ دا، کاتێک دروشمی ``بریتانیا، هیندوستان بە جێ بهێڵە``ی بەرز کردەوە، کرد بە بزووتنەوەی سەربەخۆیی وڵات. گاندی ئایدیالیستێکی بێ دوودڵی بوو. ئەو پێی وابوو کە ڕاستینە یا ڕێئالیزمی سیاسی بە بێ پاراستنی ئەخلاق لە سیاسەتدا نوقستانییەکی گەورەی بێ داهاتووە. هەر بۆیەش، لە گەرمەی گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەی لە هیندوستان، کاتێک جڵەوی ڕاپەڕینەکان کەوتە دەستی کۆمەڵێک کەسانی بەکارهێنەری توندوتیژی و خەریک بوو خەباتی بێ توندوتیژیی ئەو بە ئاراستەی

خــەباتی چەکدارانــە و تەنانــەت شــەری گرووپــە چەکــدارەکانی پێکهێنەری بزووتنەوەی نەتـەوەیی هیندوستان لـە دژی یـەکتر بچـێ، ئـەو لـە ساڵی١٩٢٢دا بڕیاری ڕاوەستاندنی خـەباتی نەتەوایـەتیی دا. دوای ئەو بڕیارە گاندی لە لایەن دەسەڵاتدارانی بریتانیاییەوە دەست بە سەر کرا و خرایە گرتووخانەوە.

مەبەستی سەرەکی گاندی لە ڕاوەستاندنی کار و چالاکی سیاسی لە پێنــاو ســەربەخۆیی هێندوســتان دا، دانــانی ســنوورێک بــۆ ئــەو توندوتیژییە بوو کە خەریک بوو باڵ بە سەر ڕاپەرینی خـەڵکی وڵات دا بگرێ. بەڵام بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی هیند و بەڕێوەبـەرانی کـۆنگرە، زۆر زەحمـەت بـوو کـە بڕیـاری گانـدی تەحـەمول بکـەن یـا خـود گرینگییەک بەو کارە بدەن، کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە خەریک بوو لە گەرمـەی گەشەسـەندنی خـەباتی کـۆنگرەی نەتـەوەیی دا، پێشـی بـە بەربڵاوبوون و گەورەبوونی چوارچێوەی خەباتی ئەوان دەگرت. بەڵام قورسایی گاندی لە لای خەڵکی وڵات و بەشێک زۆرتر لە پێشەنگانی سیاسی وڵات ئەوەندە زۆر بوو، کە بەشێکیان تەنانەت بەر لەوەی لە حیکمـەتی کاری گانـدی بگـەن، پێڕەوییـان لـێ کـرد و چاویـان بڕیـوە دوایین بڕیـاری (باپوو) کـە ببـوو بـە نازنـاوی سـەرۆکی ئەفسـووناوی بزووتنەوەی نەتەوەیی هەموو هیندوستان.

بڕیاری گاندی بێ کاریگەری نەبوو. لە ماوەیەکی کورت دا هـەموو ڕێکخستنەکانی سەر بە کۆنگرەی نەتەوەیی و لق ۆ پۆپەکانی کـۆنگرە بـە گرووپـە نەتـەوەیی، دینـی و مەزهـەبیی جیـاوازەوە بڕیـاری کۆتـایی هێننـان بـە چالاکییـەکانیان تـا ڕاوەسـتاندنی تونـدوتیژی لـە لایـەن

ئەندامەکانیانەوە دا. لقی توندڕەوتری کۆنگرە، کە لە بڕیاری گاندی نارازی بوون هەوڵیان دا یا گاندی پەشیمان بکەنەوە یا خود جڵەوی ڕاپەڕینی خەڵک لە دەست ئەو بێننە دەرەوە و دوبارە پەرە بە خەباتی سیاسی،، تەنانەت بە نرخی گەشە پێدانی توندوتیژیش بدەن، بەڵام سەر نەکەوتن. جەواهر لەعل نەهرۆ و ڕێبەرانی دیکەی کۆنگرە، بە تایبەت موسوڵمانەکانی وەک محەممەد عەلی جەناح کە دواتر (موسلم لیگیان) پێک هێنا و ڕێ و ڕێبازی خەباتی بەنگالەکان، سیندی، بەلووچی، پاتان، پەشتوون و ئۆردووەکان و زۆربەی باقی موسوڵمانەکانیان لە خەباتی کۆنگرەی نەتەوەیی هیندوستان جیا کردەوە، بە بیانووی هاوچارەنووسنەبوونیان لە گەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی و خەباتی گەلی هیندوستان، هەوڵیان دا کە ڕێبازێکی جیاوازتر لە ڕێبازی گاندی بگرنە پێش، بەڵام سەر نەکەوتن. ساڵی ١٩٢٤ کاتێک ئەو لە زیندان ئازاد کرایەوە، دیتی کە بڕیارەکەی کاریگەر بووە و شەپۆلی توندوتیژییەکان ڕاوەستاوە.

کاتێک گاندی دڵنیا بوو کە لە هەموو وڵات ڕەوتی توندو تیژییەکانی کۆنترۆڵ کراوەتەوە و دوبارە خەباتی ئاشتیانە لە پێناو خۆیبوون لە وڵات دا مومکینە، لە ساڵی ١٩٣٠ دا، ڕاست ٨ ساڵ پاش ڕاوەستاندنی یەکەم شەپۆلی خەباتی نەتەوەیی هیندوستان، دوبارە بانگەوازی بۆ دەست پێکردنەوەی ڕاپەڕینەکان و توندترکردنی خەباتی مەدەنی دەست پێکردەوە. لەو قۆناغەی خەباتی کۆنگرەی نەتەوەیی وڵات دا، ئیدی شێوازی خەباتی مەدەنی جێگیر بوو و هەموو پێکهاتە و کۆمەڵە و تاقمەکانی سەر بە کۆنگرە بە بێ

ئەم لا و ئەو لا، پێشوازی و پێڕەوییان لە پەیامەکانی دووره پەرێز لە توندوتیژیی گاندی دەکرد.

سـاڵی ١٩٤٧ پـاش گەیشـتنی هیندوسـتان بـە سـەربەخۆیی دوو پێکهاتـەی سـەرەکی ئـایینیی وڵات، موسـوڵمانەکان و هینـدوەکان هـەوڵیان دەدا کـە ڕێگـای خۆیـان لـە یـەکتر جیـا بکەنـەوە. لـەو سەردەمەدا شێوەیەک لە ``وشیاریی دینی``، کە لە ساڵی ١٩٣٥ەوە باڵی بە سەر بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی و کۆمەڵـەی موسلیم لیگ دا کێشابووە زەمینەیەکی خوڵقاندبوو کە هەر دوو لا بـە جیـددی بانگـەوازییان لـە دژی یـەکتر و بـۆ جیاکردنـەوەی چارەنووسـیان لـە یـەکتر دەکـرد. بـە تایبـەت بزووتنـەوەی سیاسـی موسوڵمانەکانی هیند، پڕۆپاگەندەی ``پاک``تر بوونی موسوڵمانان لـە هیندوو، سیک و بوودییەکانی هیندی بە خیرایی گەشە پێ دەدا. لە بەرامبـەر بزووتنـەوەی موسـوڵمانەکاندا، هینـدووە تونـدڕەوەکانیش، دەستیان کرد بە تەبلیغاتی توندڕەوانەی ئایینی. گاندی بە تونـدی لـە بەرامبـەر ئـەو دوو شێوە توندڕەوییانـەدا ڕاوەسـتا و دوبـارە داوای لـە هەموو لایەنگرانی خۆی کرد کە بـە جیـددی هـەوڵ بـدەن پێش بـە توندڕەوی لە وتار و کردەوەکانیاندا بگرن.

لە کاتێک دا کە خەریک بوو بانگەوازی گانـدی بـۆ کۆتـایی هێنـان بە توندوتیژی و نائارامییەکان بەرەو گەیشتن بە ئەنجام بچێ، گەشـە پێـدانی دژبـەریی ئـاینی، لەوانـە ڕێ و ڕەسـمی جێژنـی قورنـابی موسـوڵمانەکان و سـەربڕینی گـا و مانگـا لـەو شـوێنانەی کـە بـۆ هیندووەکان ئەو کارە بە واتای کوفر و تێپـەڕبوون لـە هێڵی سوور

بـوو، بیـانووی دایـە دەسـت هیندوەکانـەوە کـە دوبـارە لـە بەرامبـەر موسـولمانەکاندا دەسـت بدەنـەوە تونـدوتیژی. بـۆ هینـدووەکان، سـەربڕینی ``دایـە``مانگا لـە جێژنێکی ئاینی و تـەنیا بـە مەبەستی دەربڕینی خۆشی، گەورەترین بێ حورمـەتی بـە پیرۆزییـەکانی ئـەوان بـوو. بۆیـە زۆری پـێ نـەچوو کـە هێرشـی بـەربڵاوی هینـدووەکان لـە دژی موسولمانان دەستی پێکرد و لەو لاشەوە، لە هەر جێگایەک کە موسولمانەکان لە زۆرایەتی دا بوون، لـە دەستان دەهات و تواناییـان هەبوو، هێرشیان دەکردە سەر هیندووەکان.

بـە بڵاوبوونـەوەی ئـەو شـەپۆلەی تونـدوتیژی، ``باپوو`` پیـرە، هـیچ چارەیەکی نەما بێجگە لەوەی کە دووبارە ئیرادەی خۆی بـۆ دژایـەتی کردنی توندوتیژی نیشان بدا. بۆ گاندی هیچ پاساوێک بۆ پەرەپێدانی توندوتیژیی کۆمەلێک لە خەلکی هیندوستانی گەورە لە دژی بەشێکی دیکـەی خـەلکی ولات نـەبوو. تەنانـەت ئەگـەر موسـولمانەکان پێیـان خۆش بوایە کە ولاتی خۆیان و سنورەکانی خۆیان لە هیندوستان جیا بکەنـەوە، بـۆ گانـدی ئـەو کـارە هـیچ گرفتێکـی پێـک نـەدەهێنا و لـە ڕوانگەی ئەوەوە دەبوایە ئەو کارە بە بێ تونـدوتیژی بـە ئـەنجام بگا. بۆیـە گانـدی بڕیـار دا لـە دژی شـەپۆلی توندوتیژییـەکان دەسـت بـە مـانگرتنی وشـک بکـا و هـیچ شـتێک نـەخوا تـا لـە هـەموو ولات دا توندوتیژییـەکان ڕادەوەستێ. بـۆ ئـەو پرەنسـیپی ``خۆشـت بـوێ`` و ``بیپارێزە``، لە سەرووی هەموو شتێکەوە بـوو. بۆیـە، هـەر چەنـد لـە مـاوەی چەنـد ڕۆژی تونـدوتیژی نێـوان موسـولمانەکانی و بـاقی پێکهاتەکانی هیندوستان دا بە سەدان هەزار کەس بوون بـە قوربـانی

و به میلیۆنان کەس ناچار بوون، جێی و شوێنەوارەکانیان بە جێی بهێڵن و پەنا ببەن بۆ لای هاودینەکانیان تا لەوێ پارێزراتر بن، بەڵام هەنگاوەکانی گاندی پێشی بە کارەستایێکی گەورەیی مرۆڤی گرت. مانگرتنی گاندی ئەوەندە کاریگەر بوو کە هەڵە نیە ئەگەر بگوترێ، لە ئاکامی مانگرتنی گاندی دا، گیانی بە میلیۆنان کەس پارێزرا.

بەڵام داخوا بە ئەنجام گەیشتنی پەیامی گاندیی دوورەپەرێز لە توندوتیژی لە کۆمەڵگایەک دا کە سوپای پاسداران، قەمەچییەکانی بەسیج، حەشد و حیزبوڵڵا یا لەو لاشەوە داعش، ئەلقاعیدە، ئیخوان و هاوبیرەکانی ئەوانیانی پەروەردە کردوە، مومکینە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ناتوانێ ئەرێ بێ، هەر چەند گوتنی نا بۆ خەباتی مەدەنی، نافەرمانی مەدەنی و هەر نەبێ پەلەقاژەکردن بۆ جووڵانێک بە هەر شێوەی مومکین لە دژی دیکتاتۆریی حاکم بە سەر کوردستاندا ناکرێ هەڵوێستێکی گونجاو بێ. سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە لە تاریکایی شەوی ئەنگوستەچاو دا، تروسکەی مۆمێکی لاوازیش بتوانێ باشتر بێ لە شەوەزەنگی بە تەواوی ڕەشی وەکوو بیری دەسەڵاتداران. لەو ڕوانگەیەوە، هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی نێوخۆیی، تەنانەت ئەگەر لە گەڵ ئامانجەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی بە تەواوی یەکیش نەگرێتەوە، مادام لە دژی مافەکانی گەلی کورد کار ناکا، ئەگەر توانی یا هەوڵی دا لە هەر شوێنێک بۆی گونجاو بێ، خۆی بنوێنێ نابێ دژایەتیی بکرێ.

تیشک

# بەربەستەکانی بەردەم خەباتی مەدەنی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران

ئیسماعیل زوورمەند

خەباتی مەدەنی یەکێک لەو شێوازە خەباتانەیە کە زۆر جار بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دێتە بەر باس و حیزب و ڕێکخراوە و چالاکانی سیاسی بە قۆناغێک لە خەباتی دادەنێن کە دەبێ دژ بە ڕێژیمی ئێران بەڕێوەبچێ. سەرەتای باسەکە بە چەند پرسیار دەست پێدەکەین:

**١ - پێناسەی خەباتی مەدەنی؟**

**٢- پێشزەمینەکانی خەباتی مەدەنی لە وڵاتێک دا چییە؟ بە واتایەکی دیکە (چ وڵاتێک زەمینەی بەرهەڵەستکاریی مەدەنییان تێدایە؟)**

**٣- بەربەستەکانی بەردەم خەباتی مەدەنی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چییە؟**

**٤ - چۆن دەکرێ بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەر ئەم بەربەستانە زاڵ بێت؟**

**٥- ئەگەر خەباتی مەدەنی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئیمکانی نییە، بەدیل بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چییە؟**

خەباتی مەدەنی بە مانای ئەوەیە، کە کەسانێک بە ڕێبازی ئاشتیانە لە بەرامبەر یاسا یا یاسایەکی سیستەمی زاڵ دژکردەوە نیشان دەدەن و یاساکانی سیستەمی حاکم بە سەر کۆمەڵگادا دەکەنە ئامانج

و تــا وەدیهــاتنی ویســت و خواستەکانیشــیان بــەردەوام دەبــن. دوورەپەرێزی لە توندوتیژی، یەکێک لە گرینگترین مێتۆدی خەباتی مەدەنیە. لە راستییدا خـەباتی مـەدەنی لـەوەوە سـەرچاوە دەگرێ کە پێویسـت نییـە، خـەڵک لـە رێگـای تونـد و تیژییـەوە بەربـەرەکانی و خەبات بکا، بەڵکوو لـەوەی دەسـەڵات لێی ویستووە پێرەویی نـەکا و شـوێنی نەکـەوێ و کاتێـک دەسـەڵات خـۆی لـە بەرامبـەر شـەپۆلی بـەرینی نارەزایـەتی خـەڵک دەبینێتـەوە و بـە ئـارامی و بـە دوور لـە تونـدوتیژی، خـۆ دەبـوێرن لـە هاوکاری و یارمـەتی دەسـەڵات و لـە یاسـاکانی حکوومــەت پــەیڕەویی ناکــەن، ئــەو کاتــە دام و دەزگـا دەوڵەتییـەکان لـە کـار دەکـەون و دەسـەڵات ناچـار دەکا گوێبیسـتی خواست و ویستی خەڵک بێت و ویستەکانیان جێبەجێ بکا.

یـەکێک لـە گرینگتـرین پـێش زەمینـەکانی خـەباتی مـەدەنی لـە وڵاتێکـدا، بـوونی رێکخـراوە مەدەنییەکانـە، وەک سـوپاپێک لـە نێـوان خەڵک و دەسەڵاتدا. ریشەی بنەڕەتی شکڵگرتنی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەر ئەم بنەمایەیە، کە دەسەڵاتداران و خاوەن هێزەکان، دەکرێ هەڵە بکەن و ئەگەری بـە هەڵـەدا چـوون لـە کارێکدا کە لە لایـەن خەڵکەوە پێیان سپێردراوە،دەنگ و کردەوەی رێکخـراوە مەدەنییـەکان لە ئارادایە کە حەڵقەی پێوەندی نێوان خـەڵک و دەسـەڵاتە. کـەوابوو کـردەوەی دەسـەڵاتداران پێویسـتە بـە شـێوەی بـەردەوام لـە لایـەن خەڵکـەوە تـاوتوێ و پێداچوونـەی لـە سـەر بکـرێ. بـە واتایـەکی دی، پێویستە خەڵک بە شێوەی یاسامەند، هۆشیارانە و بەبێنانەوەی ئاژاوە و بێسـەرەوبەریی، هێزەکـانی دەسـەڵات کـۆنترۆل بکـەن و پێویسـتە

خۆیانیش پێگەی سەربەخۆی ناحکوومی یاساییان هەبێت. بۆ ئەوەی بە پشت بەستن بە ئەوان لە بەڕێوەبەری کاروباری حکوومەتدا بەشداربن.

کۆمەڵگای مەدەنی، بە شێوەی بەکۆمەڵ بەشداری هاووڵاتییان لە گۆڕەپانی گشتیدا دەستەبەر دەکات، تا بە دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونەکانی خۆیان، وێڕای لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە گشتیەکان، دەسەڵات ناچار بە وڵامدەربوون بکەن. بە واتایەکی دی، کۆمەڵگای مەدەنی پێکهاتوو لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، ئەم تایبەتمەندییانەیان لە خۆ گرتووە:

**١- لە دەوڵەت جودان.٢- توندوتیژی خواز نین. ٣-خۆرسک و خۆبەخشانەن ٤- هەڵویست و سیاسەتەکانی حکوومەت تاوتوێ و هەڵدەسەنگێنن. ٥- خاوەن پێکهاتەیەکی ئازاد.**

ئەم ڕێکخراوە ناحکوومییانە بریتین لە گرووپەکان، ئەنجوومەنەکان، یانەکان، پیشەوەران، سەندیکاکان، فێدراسیۆنەکان، یەکیەتییەکان و... کە وێڕای ئەوە کە لە هێزی خەڵک پێکهاتوون، لە واقیعدا بە مەبەستی درووستکردنی حەڵقە لە نێوان حکومەت و خەڵکدا پێکدێن، کە ئەم کارە دەبێتە هۆی بەشداری خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی حکوومەتداریدا. بێگومان حکومەتیش دەبێ دەرفەت بۆ بەشداری ئەوان برەخسێنێت و پشتیوانیان لێبکات. کۆمەڵگای مەدەنی بەستێنێکە بۆ دەربڕینی بیروباوەڕە جیاوازەکان، کە بە چاوی دوژمن سەیری نەیارانیشی ناکات و ئامادەی بیستینی ڕاوبۆچوونی

ئەوانیشـە، بـە واتایـەکی دیکـە کۆمـەڵگای مـەدەنی کۆمەڵگایـەکی پلۆرالیزمە (فرەچەشن).

**بناغەی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەر ئەم بنەمایانە پێکهاتووە:**

١- مرۆڤ (کەسێتی راستەقینەی هاوڵاتییان). ٢- بنەمای عـەقڵ و هـزر ٣- رەسـەنایەی پێشـە و بایخـدان پێـی ٤- پابەنـدبوون بـە یاسا (قانوونمەداری). ٥- رێزدانان بۆ بیروباوەڕی جیاواز.

کۆمەڵگای مەدەنی فۆرمی "باوی"ی دەسەڵات دەگۆڕێ و پێوەنـدیی یەکلایەنـەی دەوڵـەت لـە گـەڵ خەڵکدا بـۆ پێوەندییـەکی دوولایەنـە دەگۆڕێ، بۆ ئـەوەی دەسـەڵات لـە هـەموو ئاستەکانی کۆمـەڵگادا بـە شێوەی یەکسان دابەش بکرێت.

**پێکهاتەی نوێ**

| | | |
|---|---|---|
| **دەوڵەت<br>لە هەڵسەنگاندنی بەردەوامی خەڵک و رێکخراوە جەماوەرییەکان** | | |
| **رێکخراوە جەماوەرییەکان** | **حیزبەکان** | **چاپەمەنییەکان** |
| **خەڵک** | | |

## پێکهاتەی نەریتی (سنتی) پلەی دەسەڵات




### پێکهاتەی نەریتی (سونەتی) پلەی دەسەڵات

پێکهاتـــەی ئێســـتای ڕێژیمـــی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران، تـــەواو پێکهاتەی نەریتیە. لەم کۆمەڵگایـە دا سـەرجەم ڕێکخـراو و حیـزب و چاپەمەنی سەر بە حکوومەت و لە ژێر چاوەدێری بـەردەوام دەستگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم دان و هێچ یەک لەو پێوانانەی کە لە سەرەتا دا بـۆ کۆمـەڵگای مـەدنی ئاماژەمـان پێکـرد لـەو سیستەمە دا بـوونی نییە یا بە واتایەکی دیکە دەتوانیین بڵێن هێچ پردێکی پێوەندی نێوان دەوڵەت و خەڵک نییە. ئەگەر لە ئێستا دا لە چوار چێوەی دەسەڵاتی ڕێژیمـی ئێرانـدا هێنـدیک بنکـەی ئەنجوومەنـەکانی کۆمەڵایـەتی، کولتووری، ئەدەبی، هونەری بوونیان هەیە و خەریکی کار و چالاکین و بە شێوەی خۆرسک کار دەکەن وبەستراوە و سـەر بـە حکوومـەت نیین، بـەڵام سـەرەرای ئـەوەی کـە هـیچ دەسـەڵاتێکی ئـەوتویان نیـە، ئەوانەش لە ژێر چاوەدێری ئەمنییەتی ڕێژیم دان و بۆ درێژەدان بـە کارەکانیان ئاستەنگ و کۆسپی زۆر لە سەر ڕێگایانە.

دامـەزراوە و ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگا لـە سـەرچاوەکانی دەسـەڵات پێکهـاتوون. دەرکـەوتنی سـەرچاوەکانی دەسـەڵات لـە چوارچێـوەی گرووپ و ڕێکخراو و دامەزراوەکاندا، دەسەڵاتداران یارمەتی دەدا کە کاروبارەکانی کۆمەڵگا بەڕێوەبەرن. هەر حکوومەتێک بە هێنـدێک لـە سـەرچاوەکانی دەسـەڵات زیـاتر لـە سـەرچاوەکانی دیکـە پشـت ئەستوورە و هەر لەو کاتەشدا هەولدەدا کە پاڵپشتی هێزی دژبـەران سنووردار کاتەوە. بەڵام سەرچاوەکانی دەسەڵات چین؟

بە گشتی دەتوانین شەس سەرچاوەی گشتی بـۆ دابینکردنـی هێـزی حکومـەت نـاو ببـەین، کـە لـە راسـتییدا بنـەمای هێـزی سیاسـی دەسەڵاتن: **١-رەوایی** (**مەشرووعییەت**) **کە لە مافی دەنگدانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ**

**٢- سـەرچاوە مرۆییـەکان، ٣- زانسـت و شـارەزایی، ٤- هۆکـارە نادیارەکـان، ٥- سـەرچاوە داراییـەکان ٦- قەدەغەکردنـەکان.** ئاخێزگـەی تێکـرای سـەرچاوەکانی هێـز، خـەڵکن. هـەر یـەک لـەم سـەرچاوانە بـە وەرگـرتن، هاوکـاری و پێڕەویکردنـی خـەڵک و ڕێکخراوەکـانی خەڵکییـەوە بەسـتراوەیی زۆریـان هەیـە و دەسـەڵاتی سیاسـی حکوومـەتیش پێوەنـدی بـە رادە و هێـزی ئـەم سـەرچاوانەوە هەیە کە لە لایەن خەڵکەوە دابین دەکرێ. کاتێـک کـە دابینکردنـی ئـەم سـەرچاوانە لـە لایـەن خەڵکـەوە کـەم بێتـەوە یـان ببـڕدرێ، حکوومـەت تووشـی شـپرزەیی یـان رووخـان دەبـێ. ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، وەک یـەکێک لـە ڕێژیمـە سـەرەڕۆ و تۆتالیترەکـانی سـەردەم، بـە تـەواوی دەسـتی بـە سـەر سـەرچاوەکانی دەسـەڵات دا

گرتـووە و دامـەزراوە و ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی هـیچ ڕۆڵێکیـان لـە سـەرچاوەکانی دەسـەڵات نییـە و ڕێـژیم بـە ویست و خواستی خۆی دەستی بە سەر داگرتووە. پێویستە لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بە هۆکارە نادیارەکان بکەین. هۆکارە نادیارەکان لە ڕوانگەی "جین شارپ و رابرت هێلوی"، بریتین لە ئایین، بیر و باوەری رووحی تاکـەکان و تێگەیشـتنی ئـەوان لـە گوێڕایـەڵی و پێڕەوی کـردن لـە دەسـەڵاتداران، هەسـت بـە بەرپرسـایەتی کردنی خـەڵک و بایەخـە کلتوورییەکان. بۆ نمونە باس لە هۆکارێک دەکەن کە بووتـە هـۆی مانـەوەی حکوومـەتی کلیسـا لـە قۆنـاغێکی زەمـەنی لـە مێژوویـی مرۆڤایەتی دا، ئاکامی ئەوە بووە کە قەشەکان نوێنەرایەتی خودا لە سەر زەوین و سەرپێچی لە فەرمانی کلیسا لە راستیدا بێفەرمانی و بێبڕواییە بە خودا. لە سەر بنەمای ئەم باوەڕە، بەرژەوەندی تێکرای تاکــەکانی کۆمــەڵگا خراوەتــە دوای بەرژەوەنــدی دەســەڵاتەوە و خـەڵکیش لـە ژێـر سێبەری ئایینی و خـودایی ئەواندا ژیان دەکەن. ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هەنوکـە لـە حکوومـەتی ئـەو سەردەمی کلیساکان دەچێ و ڕێبەری ئەو ڕێژیمە خۆی بە نوینـەری خودا لە سەر زەوی دادەنێ و هەر شێوە دژایەتییەک لە گەڵ ئەو، بە شـەڕ لـە گـەڵ خـودا و دژایـەتی لـە گـەڵ نوێنـەری خـودا لـە قەڵـەم دەدەن و بەرژەوەنـدی تێکـرای تاکـەکانی کۆمـەڵگا خراوەتـە دوای بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتەوە. ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە بیرۆکـەی دێمۆکراسـی لــە سـەر بنـەمای ئـەو باوەڕەیـە کـە دەسـەڵاتی، دەسـەڵاتداران ئەمانەتێکە لە لایـەن خەڵکەوە کە بە شێوەی کاتی

بەوان دراوە و هیچ تاکێک و گروپێک بە هیچ پاساو یا بانگەشەیەک ناتوانێ ئەم دەسەڵاتە کەسێتێ و تاکی کاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، پاڵپشتەکانی دەسەڵات بریتین لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بەشگەلێک لە کۆمەڵگا کە بە دابین‌کردنی سەرچاوەکانی هێزی پێویستی دەسەڵات، پارێزەری مانەوە، بەردەوامی و درێژەدانی دەسەڵاتن. ئەم پاڵپشتانە بریتین لە پۆلیس، هێزی ئینزامی، ئەرتەش، ڕاگەیاندن، گرتنگەکان و هێزی ڕێککاری کە بە سەرکوتگەری و سزادای خەڵکەوە خەریکن، ڕێبەرانی ئایینی و ئەخلاقی کە ڕەوایی بە دەسەڵات دەدەن، گرووپە کرێکارییەکان، سەوداگەرەکان، سەرمایەگوزارەکان کە سەرچاوە ئابوورییەکان بۆ حکومەت دابین دەکەن و هەروەها سەرچاوەکانی دیکەی دەسەڵاتی سیاسی کە گرینگترینیان "پشتیوانی جەماوەر و پشتگیریان لە دەسەڵاتەوەیە. ئەوەی واقعییەتە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا ڕێکخراوە مەدەنییەکان و خەڵک هیچ ڕۆڵ و چاوەدێرییەکیان بە سەر پاڵپشتەکانی دەسەڵاتەوە نییە، بەڵکوو حکوومەت پاڵپشتەکانی دەسەڵات بە تەواوی لە ژێر ڕکێفی و چاوەدێری خۆی داناوە.

بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مێژوویەکی خوێناوی و چەندین ساڵەی بۆ وەدیهێنانی مافەکانی لە بەرامبەر ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامی هەیە، دەبێ بە خوێندنەوەیەکی درووست و واقعبینانە بەرەو داهاتوو هەنگاو هەڵێنێتەوە و لێرەدا دەبێ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک و حیزبە سیاسی و شۆڕشگێرەکانی کوردستانی ئێران هەست بە بەرپرسایەتی بکەن. هەر وەک بینیمان

لـه سـەرەتای هاتنـە سـەرکاری ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـدا حیـــزب و ڕێکخـــراوە سیاســـییەکانی کوردســـتان وەک نوێنـــەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی ئێران دا حزووریان هەبووە، بـەڵام ڕێژیمـی ئیسلامی ئێـران، هـەرگیز ڕێـزی بـۆ حیزبـەکان و بیـر و بـاوەڕی خـەڵکی کوردستانی ئێران دانەناوە و بە شێوازی جۆراوجۆری وەک هێرش و داگیرکاری، تێرۆر، کوشت و کشتار، زینـدان و ئەشکنجە وڵامـی داواکارییـەکانی حیـزب و ڕێکخراوەکـان و خـــەڵکی کوردســـتانی ئێرانـــی داوەتـــەوە. مێژووی نزیک بە چوار دەیە بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی (کە لێردا جێگای باسی نییە) ڕاستییەکانمان زۆرتر بۆ دەردەخا. بەڵام ئـەوەی کـە ڕوون و ئاشـکرایە ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی بـە هـەر شێوەیەک بۆی کراوە دژ بە هەر حەرەکەت و چالاکی تاکەکەسی و بەکۆمـەڵی خـەڵکی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، چ لـە سـەردەمی خـەباتی چەکـداری حیـزب و ڕێکخراوەکـانی کوردسـتانی ئیـران و چ دوای ڕاگرتنـــی خـــەباتی چەکـــداری و کشـــانەوە لـــە شـــار و گونـــدەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئـەو دیوبـوون لـە سنوور، وەستاوەتەوە و بـە شێوازی جۆراوجـۆر بەربـەرەکانی لـە گـەڵ خـەباتگێرانی شـار و شـاخ کردووە.

بــە بۆچــوونی مــن، بــەو پێناســەیە لــە خــەباتی مــەدەنی و ئــەو هۆکارانەی لە سەرِی ئاماژەمان پێکرد، خەباتی مەدەنی لە ئێرانی ژێر دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی ئیمکانی نییـە لێـرەدا ئـەو پرسیارەش دێتـە ئـاراوە کـە بـەدیل بـۆ بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی لـە ڕۆژهـەڵاتی

کوردستان چییە؟ بە سرنجدان بە ئەوەی کە خەڵک لە نێوخۆ هیج پشتیوانێکیان نییە و پێویستییان بە پشتیوانی لە دەرەوە هەیە و پشتیوانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوە، حیزب و رێکخراوەکانی سیاسی کوردستانی ئێرانن، دەبێ بە شێوازی جۆراوجۆر پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک کوردستانی ئێران بۆ وەدیهاتنی مافەکانیان بن. خواست و ویستەکانی ئێستای خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ بەشێک لە خواست و ویستەکانی پێشووتر ئاڵوگۆری بنەڕەتی بە سەر دا هاتووە و خەڵک زانیاری زۆرتری لە سەر مافەکانی و زوڵم و ستمەکانی رێژیمی ئێران هەیە. بوونی سەدان چالاکی بوارە جۆراوجۆکانی مەدەنی، سیاسی، فەرهەنگی، مافی مرۆڤ، ئەدەبی و خوێندکاری، دەرخەری وشیاری و ئاگاهی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە. هەروەها دەسبەسەرکردن و زیندانی و لە ژیر چاوەدێری خستنی ئەو چالاکانەش لە لایەن رێژیمەوە ترس و دەڵەراوکێی دەسەڵاتمان لەو جۆرە چالاکیانە زۆرتر بۆ دەردەخا، هەر بۆیە بە توندترین شێوە سزایان دەدا، پس کەوایە بۆ خەباتێکی گشتی و جەماوەری دەبێ پشتیوانی لە خەڵک بکردرێ.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو قۆناغێکی دیکە لە خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە ئاراوە کە بە "راسان" یا گرێدانی "خەباتی شاخ و شار" ناوبانگی دەرکردووە کە بۆ سەردەمی ئێستا گونجاوترین و باشترین (ئەگەرچی بێ کەم و کوریش نەبووە) شێوازێکی خەباتە کە هاتۆتە ئاراوە و لەم بارەوە بابەتێکی زۆر و قسە و رابووچوونی جیاوازی زۆر کراوە. یەکێک لە گرینگترین

تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە لە خەبات ئەوەیە کە دەیهەوێ بە پشتیوانی شاخ، شار بکاتە ناوەندی بزووتنەوەکە، ناوەندێک کە بە تەواوی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرهەڵدان و خەباتەکەی تۆقیوە و لە ماوەی چەند دەیە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت دوو دەیەی رابردوو، بە شێوازی جۆراوجۆر کۆنترۆلی کردووە و پێشی بە حەرەکەتی نارەزایەتی خەڵک گرتووە، بەڵام خەڵکی ئێران بە تایبەتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەر دەرفەتیک بۆیان هەڵکەوتوو نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە رێژیم دەربڕیوە. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بە داواکاری حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتن لە رۆژگەڵێکی تایبەت بکەین کە خەڵک تا ئەو جێگایەی توانیوانە و بۆیان کراوە بەرەوپیری داواکاری و بانگەوازەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاتوون وبە تایبەت لە مانگرتنەکان٢٢ی پوشپەڕ کە ساڵقەگەری تێروری رێبەری مەزن شەهید د.عەبدوالرەحمان قاسملوو دا بەشداری چالاکانەیان کردووە.

بەڵام لە داهاتوودا شار بۆ بەرین و شوێنداربوونی خەباتەکەی پێویستە چالاکانەتر بەشداری خەبات بکا کە لێرەدا بۆ وێنە ئاماژە بە بایکۆتی چالاک، لە بە ناو هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامی دا دەکەین. هەر وەک دەزانین رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر چەند ساڵ جارێک شانۆیەک بە ناو هەڵبژاردن بەرێوەدەبا و بۆ کۆماری ئیسلامی بەشداری خەڵک، گرینگی و بایەخیکی زۆری هەیە، لەو پێوەندییەدا هەمیشە ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە کە ئایا هەڵبژاردن بایکۆت بکرێ یان نا؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە پێویستە باسێک لە

پێناسەی دەسەڵات و جۆرەکانی بکەین. دەسەڵاتی سیاسی بە کۆمەڵە توانایی و تەوژمێک دەڵێن کە بۆ دیاریکردن و بەکارهێنانی سیاسەتە فەرمییەکانی کۆمەلگا بە کار دێت. کاتێک باس لە دەسەڵاتی سیاسی دەکەن دوو مۆدێل دێتە گۆڕێ:

**یەکەم: مۆدیلی پاوانخواز یا تیۆری هێزی یەکپارچەیە**

**دووهەم: مۆدێلی دابەشکردنی دەسەڵاتی پلۆرالیزم.**

یەکەم: مۆدیلی پاوانخواز یا تیۆری هێزی یەکپارچە، مۆدێلێکە کە هێزی دەسەڵات بە شێوەی هەرەمی پێشان دەدا کە هێزی فەرمانرەواکان لە لوتکەی هەرەمەکە دایە و بە هیچ شێوە و جۆرێک گۆڕانی بە سەردا نایەت. لەم هەرەمەدا خاوەنانی هێز لەوانەیە بگۆڕدرێن، بەڵام پێکهاتەی دەسەڵات ئەوەندە پتەوە کە هەرگیز ئاڵوگۆڕی بە سەردا نایەت و بێ لە بەرچاوگرتنی پێکهاتەی دەسەڵات و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی، هیچ چەشنە مەیلێک بۆ ئاڵوگۆڕی پێکهاتەیی قەبووڵ ناکات. ئەم تیۆرییە لە سەر ئەم بنەمایەیە کە خەڵک بە پشتیوانی و بڕیارەکانی خاوەن دەسەڵاتەکانەوە بەستراونەتەوە و ئەوانن کە چاکە و خراپە خەڵک و چۆنیەتی بەکارهێنانی هێز لە کۆمەڵگادا دیاری دەکەن. بە شێوەیەکی باش خاوەن هێز لەم پێکهاتەیە دا ،لە ریگای هەڵبژاردنێکی ریکوپێک و قانونییەوە لە سەر کار لادەبرێ، بەڵام توخمە سەرەکییەکان و پرۆسەکەی نەگۆڕن (تەنیا شکڵ و شێواز دەگۆڕدرێن). لە سەر بنەمای ئەم حەقیقەتەیە کە لە زۆربەی رێژیمە ستەمکارەکاندا

هەلبژاردن بەڕێوە دەچێ بەڵام ئاکامەکەی لە پێشدا دیاری دەکرێ و هەموو شێوازی هەڵبژاردنەکە لە کۆنترۆڵ دایە.

دووهەم: مۆدێلی دابەشکردنی دەسەلاتی پلۆرالیزم، مۆدێلیکە کە دەسەڵات لە پانتایی کۆمەڵگا دا دابەش دەکات و بە بڵاوکردنەوەی لە نێوان ڕێکخراوە جۆراوجۆرە مەدەنی و حکومییەکاندا، پێشگیری دەکا لە دروست بوونی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و ڕەخنەهەڵنەگر. لەم مۆدێلەدا دەسەڵات لە نێو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا دابەش دەکرێت و دەسەڵاتداران تەنیا لە بابەتگەلێکدا دەتوانن دەسەلاتی خۆیان بە کار بێنن کە خەڵک ئیزنیان پێدەدەن بە واتایەکی دی، دەسەڵاتداران تەنیا لە سەر ئیزنی خەڵک و هاوکاری ئەوانە کە دەتوانن بە سەر کۆمەڵگادا حوکم بکەن.

پێکهاتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە جۆری مۆدێلی پاوانخوازە کە لە ماوەی تەمەنی لە ئێران دا هەڵبژاردنی بەڕێوەبردووە، بەڵام هەر لە سەرەتا تا کۆتایی شانۆگەرییەک بە ناو هەلبژاردن بەرێوە دەبا و بە تەواوی کۆنترۆلی دەکا و هیچ یەک لە پێوانەکانی ئازاد و دێمۆکراتیکی لە هەڵبژاردنەکاندا بوونی نییە. هەر بەو پێیە هیچ گرینگێک بۆ دەنگی خەڵک دانانێن و کاتێک کە گرینگی بۆ دەنگی خەڵک دانەنێن بۆ دەبێ خەڵک بەشداری لەم شانۆیە دا بکە؟ بە بۆچوونی من بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خوێندنەوەیەکی دروست و واقعبینانە دەبی هەڵوێست بگرێ و بە بایکۆتی شانۆیەک بە ناو هەلبژاردن، توورەیی و بێزاری خۆی بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران دەرببڕێ. بەشداریکردن لە بە ناو

هەڵبژاردنێک کە ڕێژیم هەر چەند ساڵ جارێک بەڕێوەی دەبا هیچ قازانجێکی بۆ خەڵک نییە، بەلکوو لە بەرژەوەندی تەواوی ڕێژیم دایە و لــەم ڕێگایــەوە مەشــرووعییەت بــۆ سیســتەم و دەســەلاتەکەی وەردەگــرێ و بــە ویســت و خواســتی خــۆی بــە ســەر خــەڵک دا حکوومـەت دەکا و کاتێکیش لـە لایـەن وڵاتـانی دەرەکی ڕەخنـە لـە ئاکــار و کردەوەکــانی ڕێــژیم بەرامبــەر بــە ســەرکوتی خــەڵک و پێشیل‌کردنی مافی مرۆڤ و ... دەگیردرێ دەسبەجێ کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران باس لـە دەنگی خـەڵک و مەشرووعییەتی خۆیان لـە خــەڵک دەکــەن. بــۆ وێنــە ئامــاژە بــە وتــەکانی "دۆناڵــد ترامــپ" ســەرکۆماری ویلایەتـە یـەکگرتووکانی ئامریکـا لـە داویـین دانیشـتنی ڕێکخــراوی نەتــەوە یــەکگرتووەکان لــە ســاڵی ٢٠١٧ لــە نیویــورک بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەم. "دۆنالد ترامپ" باسی لەوە کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دیکتاتۆرێکی گەندەڵ و ڕزیوە کە لە ژێر دەمامەکی دێمۆکراسی دا خـۆی شاردۆتەوە و نـە ڕێز و حورمەت بۆ مافی شارۆمەندانی وڵاتەکەی دادەنێ و نە ڕێز بۆ مافی سەروەری وڵاتانی دیکە دادەنێ. لە درێژەدا ئاماژەی بـەوە کـرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەمد و تـەژی لـە سامانی کلتوورییە کە حکوومەتەکەی داهاتی نەوتییەکەی بە جێگای باشــترکردنی بــاردۆخی ژیــانی خەڵکەکــەی، خــەرجی یارمــەتی بــە گرووپ‌گـەلێک وەک حیزبـوڵڵا لوبنـان دەکـا. لـە بەرامبـەر وتـەکانی "دۆناڵــد ترامــپ" ڕۆژێــک دواتــر "حەســەن رووحــانی" ســەرکۆماری ڕێژیمی ئێران کاردانەوەی نیشان دا و لە سەرەتای وتەکانی ئاماژەی

بە هەڵبژارن لە ئێران و بەشداری میلیونی خەڵکی لە بە ناو هەلبژاردنی سەرکۆماری دا کرد و وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی لێهاتوویی بۆ حکوومەت کردن باسی لێ کرد. بایکۆتی بە ناو هەلبژاردن لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و مانگرتن و نەچوون بۆ سەر سندووقی دەنگدان، باشیرین شێوازی خەباتی شار بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و لە ڕێگەیەوە بە تەواوی مەشرووعییەت ڕێژیم هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات دەچێتە ژێر پرسیار.

نەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، دەستداگرتن بە سەر سەرچاوەکان و پاڵپشتەکانی دەسەڵات، گرینگترین بەربەستەکانی بەردەم خەباتی مەدەنی لە کۆماری ئیسلامی ئێران دان. دەسەڵاتداریی نزیک بە چوار دەیەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە ئەم ڕێژیمە بچووکترین کۆبوونەوە یا حەرەکەتێکی نارەزایەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: مامۆستایان، ژنان، کرێکاری، خوێندکاری و...پێی قەبووڵ نەکراوە و ئیزنی بەڕێوەچوونی نەداوە و یان ئەگەریش بەڕێوەچووە بە توندترین شێوە سەرکوتکراوە و بەرپەرچی داوەتەوە و خەڵکێکی زۆری ئازار و ئەشکنجە و زیندانی کردووە و هەر شێوە حەرەکەتێکی ئاشتیخوازانەی بە تێرۆر و توندوتیژی و گرتن و کوشتن وڵام داوەتەوە. ئەزموونی چەند دەیەی رابردوو ئەوەمان پێ نیشان دەدا کە ئەو ڕێژیمە دەرفەت نا دا بە خەڵکی بێن بە شێوەیەکی ئاشتیانە خواست و ویستەکانیان بێنە ئاراوە. بە سرنجدان بە ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی خۆی بە کۆمارێکی ئیسلامی ناساندووە و یاساکانی

له ئایینی ئیسلام و قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەوەش شتێکی نەگۆرە و رێبەرەکەی خۆی بە نوێنەری خودا لە سەر زەوی دادەنێ، چۆن دەتوانێ بێت گوێ بداتە قسەی خەڵک و داواکارییەکانیان جێبەجێ کا؟ لە لایەکی دیکەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زۆربەی هەرە زۆری ئەو وڵاتانەی کە لە خەباتی مەدەنی بە دژی داگیرکەر یا دەسەڵاتە سەرەرۆکان کەڵکیان وەرگرتووە و تێدا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە، ئەوە بووە کە رێبەری بزووتنەوەکە لە خودی خەڵک و لە ناو خەڵک دا بوو و لە خەڵک و وڵاتەکەی دانەبڕاوە و راشکاوانە بیر و ڕای بە شێوەی جۆراوجۆر ئاراستەی خەڵک و بانگهێشتێ خەبات و بەربەرەکانی کردووە، شێوازە خەباتێک کە بەتەواوی لە گەڵ سیستەمی کۆماری ئیسلامی نامۆیە و بە درندانەتری شێوە سەرکوتی دەکا.

**سەرچاوەکان:**

١-کۆمەڵگای مەدەنی و خەباتی مەدەنی. جین شارپ و رابرت هێلوی، وەرگێر لە فارسییەوە بۆ کوردی؛ تالب قەیسری

٢-نافرمانی مدنی، اپر هانری دیوید پورو، ترجمە؛ غلامعلی کشانی، ێبان ١٣٧٨

٣-مبارزە خشونت پرهیز، ٥٠ نکتەی اساسی، رویکرد استراتژیک بە تاکتیکهای هر روزە، سردیا پوپوویچ، ێندرە میلیوو یوویچ، سلوبودان دینوویچ

کاوه ئاهەنگەری:

# خەبات بۆ ئازادی نەتەوەیەک لایەن و بواری جۆربەجۆر لە خۆ دەگرێ

هەڤپەیڤین: تیشک

سەبارەت بەو وڵاتانەی کە بەستێنی خەباتی مەدەنییان تێدایە و ئەو وڵاتانەی کە ئەو بەستێنەیان تێدا نییە. هەروەها ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە کامیاندا زەمینەی خەباتی مەدەنی هەیە و لە کامیاندا نییە. ئەو دەرفەت و بەربەستانەی کە لە ئێراندا لە پێوەندیی لە گەڵ خەباتی مەدەنیدا هەیە، ئەو دەرفەتانە بریتین لە چی و چۆن دەکرێ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردلە رۆژهەڵاتی کوردستان کەڵکیان لێ وەرگرێ؟ ئەگەر خەباتی مەدەنی لە ئێراندا هەر ئیمکانی نییە، بەدیل بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چییە؟ هەروەها "هەڵبژاردن" بۆ ریژیمی کۆماری ئیسلامی بایەخێکی زۆری پەیدا کردووە. لەم پێوەندییەدا، پرسیار ئەوەیە کە ئایا هەڵبژاردن بایکۆت بکرێ یان نا؟ سوود و زەرەری بەشداریکردن یان بایکۆتکردن لە چیدایە؟ بۆ ئەو باس و تەوەرانە لە گەڵ بەریز کاک کاوە ئاهەنگەری چالاکی سیاسی لە وڵاتی بلژیک وتویژیکمان پێکهێناوە کە دەقی وتویژەکە دەخەینە بەر دیدی خوینەرانی گوڤاری(تیشک).

**١. بەرێز کاک کاوە ئاهەنگەری پێشەکی سپاس بۆ بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە، تکایە پێشەکی پێناسەیەک لە خەباتی مەدەنی بکەن ؟**

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لەم باسە، بەربڵاوەدا کۆمەڵێک دەستە واژە هەن کە ویکچوونێک لە نێویاندا دەبیندرێ، بۆ نموونە خەباتی مەدەنی، نافەرمانی مەدەنی، خەباتی دوور لە

تووندوو تیژی، خەباتی نەرێنی( مبارزه منفی) و ... تاد، کە بە باوەڕی من هەموو ئەوانە لە پەکەیجێکدا جێ دەگرن. بە گشتی جەوهەری هاوبەشی هەموو ئەو دەستەواژانە بریتییە لە خەباتێک، وەک نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە حکوومەت بە شێوەی دوور لە توند و تیژی. ئەم خەباتە لە راستیدا رووی لە دەستەڵات و حکوومەت لە لایەک وله لایەکی دیکەوە ئەو یاسا و رێسایانی کە دەستەڵات بۆ بەڕێوەبردنی ویستەکانی خۆی بە کاری دێنێ. بە چالش کێشانی یاسا و دەستەڵات بە شێوەی دوور لە توونـدوتیژی، خەباتی مەدەنی پێناسە دەکرێ.

**٢. ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە کامیاندا زەمینەی خەباتی مەدەنی هەیە و لە کامیاندا نییە. هۆکارەکانی ئەو جیاوازییە لە چیدایە؟ لەو وڵاتانەی دەرەتانی خەباتی مەدەنی نییە، چ جێگرەوە و بەدیلێک بەدێ دەکرێ؟**

بە باوەری من لە هەموو وڵاتێک زەمینە و دەرفەت بۆ خەباتی مەدەنی لە ئارادایە. دەلیلەکەشی ئەوەیە کە وەکوو لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، خەباتی مەدەنی پەکەیجێکە کە زۆر رەهەند و لایەن لە خۆ دەگرێ، بە زمانێکی تر شێوەکان و بەستێنەکانی خەباتی مەدەنی زۆر بەرفراوان و جۆربەجۆرن. بۆیە بە تایبەتی لە وڵاتێکی ئیستبدادی و سەرەڕۆدا دەرفەت بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات( لە بوار و لایەنی جۆربەجۆرەوە) یەکجار زۆرە. بۆ نموونە لە بواری ژینگە، کولتوری، ژنان، ئێعتیاد،

منداڵان، منداڵانی کار، تەندرووستی و ... تاد، هەموو ئەوانە زەمینەن بۆ چالاکبوون. بە باوەڕی من لە هەر چوار پارچەی کوردستان زەمینە، بۆ خەباتی مەدەنی لە ئارادا هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە شێواز و جۆری خەباتەکە لە هەر چوار پارچە دەبێ و دەتوانێ وەک یەک بن. بەڵکوو بە پێی وتەکانی " جین شارپ" تیۆریسییەنی بە ناوبانگی خەباتی مەدەنی، ئەوە هەلومەرج و بەستێنە کە چەند و چۆنی خەباتی مەدەنی دیاری دەکات و هیچ نووسخەیەکی لەپێشدا نووسراو بۆ هەموو کۆمەڵگاکان بوونی نییە. بە واتایەکی دیکە چالاکان و بیرمەندانی ئەم بوارە لە خەبات، دەبێ بە پێی هەلومەرج و باروو دۆخی ناوچە و وڵاتی خۆیان شێواز و جۆری خەباتی مەدەنی بخولقێنن. سەبارەت بە بەشی ئاخری ئەم پرسیارە پێویستە بڵێم کە خەباتی مەدەنی چەشنە خەباتێکە کە جێگرەوە و بەدیلی نییە، واتە خەباتی مەدەنی یەک جۆر نییە تا جۆرێکی دیکە جێگای بگرێتەوە بەڵکوو وەکی باسم کرد کۆمەڵێک ڕێکار و شێوازە کە دەکرێ لە یەک تا سەد و بگرە زیاتریش بێ.

**٣. سەبارەت بە دەرفەت و بەربەست لە ئێراندا لە پێوەندیی لە گەڵ خەباتی مەدەنیدا. ئەگەر دەرفەت بۆ خەباتی مەدەنی لە ئێراندا هەیە، ئەو دەرفەتانە بریتین لە چێ و چۆن دەکرێ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەڵکیان لێ وەرگرێ؟ ئەگەر لە ئێراندا، بەربەست لە بەردەم خەباتی مەدەنیدا هەیە، ئەو بەربەستانە بریتین لە**

**چیٚ؟ و چۆن دەکریٚ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە رۆژهەڵاتدا زاڵ بیٚ بەسەر ئەو بەربەستانەدا؟**

بەڵیٚ بیٚگوومان لە ئیٚرانیشدا دەرفەت بۆ خەباتی مەدەنی هەیە، دەرفەتەکەش خودی ئیستبدادە. لەبیرمان نەچیٚ هەرچی دەوڵەت و کۆمەڵگا پتر ئازاد و دیٚموکراتیک بیٚ، خەباتی مەدەنیش جۆر و شیددەتەکەی دەگۆڕدریٚ. ئەگەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەنجوومەنیٚکی ژینگە پاریٚزی سەرقاڵە بە جۆریٚک لە خەباتی مەدەنیدا، ئەویش لە زەمینەی ژینگەدا، لەوانەیە لە ولاتیٚکی ئازاد و دیٚموکراتیکدا دەوڵەت هەمان ئەرک بەریٚوە ببات و ئیتر ئەنجوومەنیٚکی ژینگەپاریٚزی لەو ولاتە ئازاد و دیٚموکراتیکەکەدا خۆی بە کار و چالاکی لە چەشنی ئەوەی رۆژهەڵاتی کوردستانە، سەرقاڵ نەکات. بەڵام بە گشتی بە بۆچوونی من لە ئیٚراندا دەرفەت و زەمینە بۆ خەباتی مەدەنی یەکجار زۆرە و هۆکارەکەشی بوونی حکوومەت و یاسایەکی نادیٚموکراتیک و سەرەڕۆیە. لەمپەر و بەربەستیش لە پیٚش هەموو لایەنیٚکدا خودی حکوومەتە و بە پلەی دووهەمیش هەڵسووکەوتی کۆمەلانی خەڵک وەک داچۆراوی سیستەمیٚکی پەروەردەی سەقەتە کە دەتوانیٚ بارگرانی و سەرئیٚشە بۆ خەباتکارانی مەدەنی پیٚک بیٚنیٚ.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەتان پیٚویستە بلیٚم کە خەباتی نەتەوایەتی هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ خەباتی مەدەنی نییە و لە راستیدا تەواوکەری یەکترن. من ئەو بۆچوونەشم قەبووڵ نییە کە خەباتی نەتەوەیی بە سەر خەباتی مەدەنی زاڵ بکریٚ! لەبەر ئەوەی

کە خەبات بۆ ئازادی نەتەوەیەک لایەن و بواری جۆربەجۆر لە خۆ دەگرێ. ئیزن دەخوازم ئەم باسە بکەمەوە؛ بۆ نموونە ئەگەر کوردستان وەک خاک رزگار بوو بەڵام ژنی کورد هەروا ژێر دەستە و دەرەجە دوو مایەوە، هەروەها ئەگەر کوردستان وەک نیشتمان ئازاد بوو بەڵام سیستەمێکی پیاوسالاری بەسەریدا زاڵ بوو، ئایا نەتەوەی کورد رزگاری بووە؟ یان هێشتا نیوەی نەتەوەی کورد لە ئێران کە ژنانی کورد پێک دێنن ژێردەستە دەمێنن؟ بۆ دەبێ پێمانوابێ کە ژنانی کورد بەشێک لە نەتەوەی کورد نین یان ئەگەر هەن بۆچی رزگاری و ئازادی و ژیانێکی شیاو و ئینسانی بۆ ئەوان، بەشێک لە خەباتی نەتەوایەتیمان نییە؟ نموونەیەکی دیکە. ئەگەر ئێمە وەک کۆمەڵگای کوردەواری ( بە گشتی) تێگەیشتنێکی درووستمان لە هەمبەر خاک و نیشتمان و ژینگە و سرووشتمان نەبێ، ئەگەر کوردستان سەربەخۆش بێ، تێکدان، پیس کردن و تالانی نیشتمان بە دەست منی کوردەوە چ جیاوازییەکی لەگەڵ دەستێکی ناکورد هەیە؟ و ... هتد. بۆیە بە بڕوای من خەباتی نەتەوایەتیش پەکەیجێکی موبارەزاتییە کە هەموو لایەن و بوارەکانی ژیان و ژینگەی ئێمە لە خۆ دەگرێ و لە راستیشدا خەباتی نەتەوایەتی، خەباتە بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەری و سەروەری تاکی کۆی کورد. کەوابوو هەموو جۆرەکانی خەبات دەبێ هاوتەریب بڕۆنە پێش و تەواوکەری یەکتر بن. پیلانی دوژمنانی کورد بەرانبەر بە دارستانەکانی کوردستان نابێ لە دەستووری کاری حیزبێکی

نەتــەوەیی بچێتــە دەر و خــەباتی مــەدەنیی بــێ چــەکیش لــە پێنــاو بەرژەوەندی و ژیانی باشتری هەمان نەتەوەدایە.

**٤-بە پێی زەمان، "هەڵبژاردن" بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بایەخێکی زۆری پەیــدا کــردووە. لەم پێوەنــدییەدا، پرســیار ئەوەیە کە ئایــا هەڵبـژاردن بـایکۆت بکرێ یـان نـا؟ سوود و زەرەری بەشداریکردن یـان بایکۆتکردن لە چیدایە؟ بە گشتی، لە خەباتی مەدەنیدا، دەبێ چۆن لە گەڵ "هەڵبژاردن" لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا مامەڵە بکرێ؟**

مـن پێموایـە کـە ڕێـک لێـرەدا دەبـێ لـە دەلاقـەی خـەباتی چەنـد ڕەهەندییــەوە بڕوانینــە هــەڵبژاردن. بــۆ وێنــە هەڵوێســتی حیزبێکــی سیاسی- نیزامـی وەک حیزبـی دیمـوکرات نـاکرێ دەقاودەق هـەمان هەڵوێستی- بۆ وێنە- ئەنجومەنی مامۆستایانی قوتابخانەکانی شارێکی کوردســتان بــێ. ڕوانگــە و هەڵوێســتی حیزبــی دیمــوکرات پێویســتە هەمان ڕوانگـەی سیاسی مـەزن بێ، شـک لـەوە دانییـە کـە پێویستە حیزبـی دێمـوکرات وەک حیزبێکـی مەیـدانی و جـەماوەری بیـر لـە ڕێکخستنی دینامیزمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەمان بکاتەوە و لەوانەیە بۆ هەندێک حاڵەت هەنـدێک تـاکتیکی تایبـەتی بـە کار بێنێ، بـەڵام ئەوە هیچ لە قورسایی پرێنسیپ و بەها سەرەکییەکان کەم ناکاتـەوە. بۆیە من هەڵبژاردن وەک مەیـدانێک دەبینـم کـە حیزبـی دیمـوکرات چۆن و چەندە و تا کوێ کەڵکی لێ وەردەگرێ بۆ بە چالش کێشانی ڕێـژیم و ڕێکخسـتنی کۆمـەڵانی خـەڵک لـەو مەیدانـەدا بـە قـازانجی ڕوانگە و سیاسەتەکانی خۆی. بۆیە پێموایە ناکرێ وا بـە کۆنکرێـت و

روون لە ئێستاوە باس لە سوود و زیانی بەشداری کردن و بەشداری نەکردن بکەین. بەڵام من وەکوو ساڵانی رابردووش گوتوومە و بیرۆکەیەکی سیاسیشە، لەگەڵ مەیدان چۆنکردن نیم، بەڵام مەیدانداریش بە مانای بەشداری کردن لە هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو دەبێ وەک ئەندازیارێکی سیاسی ئەو مەیدانە بخەینە بەر موتاڵا و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی خۆمان و بە قازانجی گەل و حیزب زیاترین سوود دەستەبەر بکەین. بۆیە ئەگەر بەم شێوەیە بڕوانینە پرسی هەڵبژاردن لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانین وەک رەهەندێکی خەباتی مەدەنی چاوی لێ بکەین. خەباتێک کە رێبەری و مودیریتی مەیدانی و سیاسەتی مەیدانی خۆی هەیە و حوکمیش نییە حەتمەن رێبەریی حیزبی دێموکرات بێ.

# ڕاسان و بەرخۆدانی مەدەنی

ئەلبورز روئین تەن

## پێشەکی

یەکێک لە باس گەرمەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی مەدەنیە، بەڵام بەر لەوەی ئەم شێوازە خەباتە و کاریگەری و چۆنیەتی بخەینە بەر باس  بە پێویست دەزانم سەرەتا پێناسەیەک بۆ خەباتی مەدەنی بکەم، چونکە ئەوەی لە دونیایی سیاسەت لە وڵاتانی نادێموکراتیک و بە تایبەت لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەبێنین یا ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکان دا باسی لێوە دەکرێت تەنانەت پێناسەکەشی ڕاست نیە و مەبەستی جیا جیای لە پشتە کە هەندێک جار پێوەندیشی بە خەباتی مەدەنی یا کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نیە. دواتر بە شرۆڤەیەکی ڕئاڵیستانە شیʼ بکەینەوە کە ئەو شێوازە خەباتە تاچەند کاریگەری لە سەر بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و بۆ ئەوەی هەبێت پێویستە چیʼ بکرێت. لە هەمووی گرنگتر ئەم ڕەهەندەی خەبات لە کام بەشیʼ ڕاسان جێی دەبێتەوە چۆن دەتوانین وەک بەشێک لە ڕاسان بکەینە بەرنامەی کار تا سەرکەوتنی شۆڕش ئاسانتر بێت.

### مەبەست لە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەباتی مەدەنی ئەگەر مەبەست لە کار و چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، بریتیە لەو چالاکیە جۆراو جۆرانەی ڕێکخراوەکان کە بۆ ئامانجی تایبەت دامەزراون و بەپشتیوانەی

هێزی مرۆیی و مالی خەڵک پشت دەبەستن و لە ژێر هەژموونی حکوومەت دا نین. ئەو ڕێکخراوانە هەوڵی چارەسەر کردنی بابەت و پرسەکانی کۆمەڵگا و تاکەکان دەدەن کە بەو شێوەیە وێڕای هاوکاری دەوڵەت و ئاسانتر کردنی ئەرکی حکوومەت، زۆر خزمەتگوزاری بە سود پێشکەش دەکەن. دەتوانێ ئامانجی ئەو ڕێکخراوانە سیاسی یا کەلتوری یا بابەتی دیکە بێت. بۆ نموونە ڕێکخراوێکی ژینگە پارێزی هاوکاری حکوومەت دەکات بۆ پاراستنی ژینگە یا ڕێکخراوێکی پەروەردەی خزمەتگوزاری جیاوازی پەروەردەی پێشکەش بە خەڵک دەکات و هاوکاری حکوومەت دەکات، کە کەلێنێک یا کەم و کوڕییەکانی پەروەردەی لە کۆمەڵگا بسڕێتەوە. یا ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ هەوڵی پاراستنی مافی مرۆڤ دەدات، هەوڵ دەدات پێش بە پێشلکردنی مافی مرۆڤ بگرێت و پشتیوانی لەو تاکانە دەکەن کە مافیان پێشێل دەکرێت. هەندێک جار ئامانجی ئەو ڕێکخراوانە دەتوانێت سیاسی بێت بۆ نموونە پشتیوانی کردن لە یاسایەکی تایبەت بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا یا کەمپینێک کە دەتوانرێ تەنانەت دژی سیاسەتێکی حکوومەت بێت. ئەم شێوازە کاری خۆبەخشانە و بە پشتیوانی خەڵک لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە دیموکراتیکەکان وەک ئەسڵێکی پێویستی لێهاتوە چون میدیای ئازاد بە پێویست دەزانرێت هەبوونی ئەو جۆرە خەباتەش زۆر هاوکاری حکوومەت بکات هەر بۆیەش زۆر جار حکوومەتیش پاڵپشتی ئەو ڕێکخراوانە دەبن و بە یاسا و ڕێسا یارمەتیدەر هەوڵی چالاکتر کردنیان دەدەن.

سەرەتای ئەو ڕێکخراوانەش بۆ ساڵەکانی ١٨٦٣ بە دامەزراندنی ڕێکخراوی خاچی سوور بۆ گەیاندنی هاوکاری دەگەڕێتەوە و لە ڕۆژگاری ئێستاش دا بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانە بۆ نموونە لە وڵاتی دانمارک لە ساڵی ٢٠٠٦ دا پتر لە سەدهەزار ڕێکخراو و ئورگانیزاسیۆنی جۆراو جۆر هەن کە لە بواری جیا جیا دا کاردەکەن و خەڵکێکی زۆری خۆبەخش لە حەشیمەتی دانمارک بەشداری لە کار و چالاکییانە دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش یاسا و ڕێسای تایبەتی هەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ژێر سێبەری سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری سیستەمێکی نادێموکراتیک دایە، بەشێک لەو ڕێکخراوانە کە لەو ساڵانی دوای دامەزراون، زیاتر ڕێکخراوەی ژینگەپارێزییەکانن کە توانیویانە بێ یارمەتی دەسەڵات لە سەر پێی خۆیان بوەستن و لە کار و چالاکی ژینگەپارێزیدا بەردەوام بن.

بەشێکی دیکەی ئەو ڕێکخراوانە بە مەبەستی هەول و تێکۆشان و خزمەتی ئەدەبی و کەلتوری یا پەروەردەی یا ریکخراوەی مافی مرۆڤ دامەزراون، بەڵام بە بەردەوامی لە ژێر گوشار و سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دان. بۆ نموونە ڕێکخراوی ئەحمەدی خانی کە لە بواری ئەدەب و زمانی کوردی دا چالاکی دەکرد، ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دایخست و یان سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە هۆی کار و چالاکی لە بواری مافی مرۆڤ، لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ١٠ ساڵ حوکمی نارەوای و

نایاسایی زیندانی بە سەردا سەپێنرا و لە زیندانـدا لە ژێـر گوشار و مانگرتندا تەنانەت مەترسی مردنی هەبوو.

لە بەر ئەوەی لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبـەت، چونکـە یاسـا سـەروەر نییـە و تەنـانەت بەشـی زۆری بەنـدەکانی یاسـای بنـەڕەتی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیش لـە لایـەن دەزگاکانی بەڕێوەبەری، یاسادانان و دادوەرییـەوە بـەڕێوە ناچێت، لـە وەهـا سیسـتەمێکدا دەزگـا ئەمنییەتـی و نیزامییـەکان، بڕیـاردەری سـەرەکین. بۆیـە لـەو جـۆرە سیسـتەمانە دا لە هەر شـوێنێک کە هەستیان بە مەترسیەکی هەر چەند بچوکیش بکەن، ڕێکخراوەکانی ناحوکمی و مەدەنی بەرەو ڕووی گوشار و سەرکوت و گرتن و کێشە و گرفتـی جۆراوجـۆر دەبـنەوە. بە کـورتی لـە سیسـتەمە نادێموکراتیکەکانـدا چـالاکی ئەو ڕێکخـراوانە تەنـانەت ئەگـەر هـەر ژینگە پارێزیش بن، لە گەڵ گرتن و زیندان و گوشاری و سەرکوت بەرەو ڕوو دەبنەوە. بۆیە لـە ڕەوتـی کارکردن و تێکۆشانیاندا لـە ژێـر زەخـت و گوشـاردا، زۆر بە سـەختی و بە کێشـە و گرفتـەوە بە ڕێـوە دەچن. ئەگەر مەبەست لە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، دابـین کردنـی ئامـانج و مافەکـانی گـەلی کـورد بێـت، ئەو جـۆرە خەبات و چالاکییانە دوو گرفتی سەرەکیان هەیە.

**یەکەم:** ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، بە تونـدی و بە هەمـوو شێوەیەک دژی ئەو شێوە خەباتە دەوسێتەوە و هەوڵـی دامرکانـدن و داپڵۆسـین و سـەرکوتی دەکـات. بـۆ نمـونە ئێسـتاش هەنـدێک لە خۆپێشاندەرانی بەرگری لە مافی کۆڵبەران یا شادی بۆ گشتپرسی

باشوری کوردستان گیراون و حوکمی نارەوای زیندانیان بە سەر داسەپاندوون.

**دووەم:** گرفتی سەرەکی لە، بە ڕێکخستن کردنیان دا هەیە. چونکە تەنیا هێزێک کە بتوانێ ئەو حەرەکەتانە بە ڕێکخستنیان بکات و بەرەو ئاراستەیەکی بەرهەمداری ببات، هێزەکانی ئۆپوزیسیۆنی ڕێژیمن کە ئەوانیش بە هۆی هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنیان لە لایەن ریژیمی ئێرانەوە، نەیانتوانیوە لە خەباتی شار دا لە ئاست چاوەڕوانییەکان دا ببن. هەر وەها چونکە جومگەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگا لە ژێر دەسەڵاتی ریژیمی ناوەندی ئێران دایە، ئەم جۆرە خەباتە واتا خەباتی شار نەک لە ئاستی ئێراندا بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا لە ئاستی پێویست دا نیە. هەر بۆیە شێوازە بەڕێوەبردنەی خەباتی مەدەنی،لەو چوارچێوە داخراوەی ریژیمی ئیسلامی ئێراندا، سەرکەوتن تێیدا ئەستەم دێتە بەرچاو. لەوەها بارودۆخێکدا هەمیشە چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی و سیاسی کورد، بەرەو ڕووی دڕەندەترین کاردانەوەی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی ئێران دەبنەوە. بۆیە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە نادێموکراتیکە دا گەیشتنی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە مافە سەرەتاییەکانی و تەنانەت بەدەست هێنانی داخوازییەکانی چینێکی تایبەتیش نەتوانێ مسۆگەر بکات.

ئەڵبەتە ئەوە بەو واتایە نیە کە لەو بوارە دا چالاک نەبین، بەڵکوو ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە دەبێ زۆر لەو بوارەدا بە هێز بین.

چونکە هەبوونی ئەو ڕەهەندە لە خەبات کاری ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات زۆر ئاسان و کاریگەرتر دەکات.

**بەکارهێنانی چەمکی خەباتی مەدەنی وەک گوتارێکی پۆپۆلیستی.**

کەڵکئاژو وەرگرتن لە چەمکی خەباتی مەدەنی لە لایەن هەندێک چالاکی سیاسی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان جا چ بە ئەنقەست و یا بێ ئەنقەست، ڕوویکی دیکەی ئەو بابەتەیە کە دەبێت بەڕوونی بخرێتە بەر باس و گفتوگۆ، چونکە وەک گوتارێکی پۆپۆلیستی بۆ بە لاڕێدا بردنی شۆڕشی لێهاتوە تا خزمەت کردن بە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

گوتارە پۆپۆلیستیەکە، ئەوەیە کە دەڵێن خەباتی چەکداری شکستی خواردوە دەبێ خەباتی مەدەنی بەهێز بکەین. ئەو گوتارە لە لایەک زیاتر لە لایەن کەسانیکەوە مەترح کراوە، بۆ داپۆشینی شکستی خۆیان لە کاری حیزبی و سیاسی دا. چونکە لە کاری ڕێکخستنی و بەهێز کردنی خەباتی چەکداریدا نەیان توانیوە لە پوتانسێڵەکان خەڵک بە باشی کەڵک وەرگرن، ئەو شێوە گوتارەیان مەترج کردووە. لە لایەکی دیکەوە ئەو شێوە گوتارە، لە لایەن ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی نێوخۆی وڵات مەترح کراوە. ئەو شێوە گوتارە کە لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێرانەوە تئوریزە کراوە، دەیهەوێ ئالترناتیڤێک، بۆ شۆڕش و خەباتگێران خەباتی چەکداری دروست بکات و بە زەقکردنەوەی ئەو گوتارە خەبانگێرانی شاخ، پەراوێز بخەن.

**ئایا تەنیا خەباتی مەدەنی دەتوانێ کورد بەرەو سەرکەوتن ببات؟**

ڕێژیمـــی کۆمـــاری ئیســـلامی دوای چـــوار دەیە دەســـەڵاتداری نادێموکراتیـــک، زۆر بە باشـــی دەرخســـتوە، کە ئەگەر هێزێـــک بـــۆ دارماندنی ڕێژیم نەبێ، ڕێژیمی ئێران بە هیچ شێوەیەک ئامادە نیە وەڵامـی داخوازییەکـان گـەلانی ئێـران بـداتەوە. لە لایەکـی دیـکەوە داخوازییە رەواکانی گەلی کورد، دەتوانێ چارەنوسی ناوچە بە گشتی بگـۆڕێ یـا کـاریگەری لە سـەر دابنێـت. لە حـاڵەتێکی وەهـا دا کە نـاوچەی رۆژهـەلانی نـاوڤین، بـوەتە بە گۆڕەپـانی ڕمبـازێنی زلهێزانـی نـاوچەی و جیهـانی، ناکرێـت بە بـێ هێـز سـەرکەوتن بەدەست بێنـی چـونکە زۆر کـات دەبـێ بـۆ بەدسـت هێنـانی ئامانجەکانـت تەنـانەت ڕوبەرووی بەرژەوەندییەکانی زلهێزێکی وەکو ئەمریکاش ببیەوە.

هەر بۆیەش دەبێ هەموو جۆرە ڕەهەندەکانی خـەبات کە ڕەوان بـۆ گـەلی کـورد، لە بەرنـامە و پلانـدا هەبێـت. دەبـێ خـەبات تـەنیا بە ڕەهەندێک لـە شـێوەکانی کـورت نەکـرێتەوە، بەڵکـو دەبـێ بتـوانێن لە هەمـوو بواروکـان و شـێوەکانی خـەباتی رەوا دا قسـەمان بـۆ گـوتن هەبێت.

**خەباتی مەدەنی وەک بەشێک لە ڕاسان**

بە لە بەر چـاو گرتنـی ئەو ڕاسـتیە حاشـا هەڵنەگـرانەی کە لە سـەرەوە بـاس کـران، دەبـێ خەبـاتی مەدەنـی زیـاتر و جیـاوازتر لە ئامرازێک بۆ گوتاری پۆپۆلیستی و یا ئالترناتیڤێک بۆ خەباتی شاخ، لە لایـەن ڕیفۆرمخـوازانی حکوومەتیـەوە سـەیر بکـرێ. دەبـێ خـوێنی

گۆڕانخوازی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و نادێموکراتیکی ڕێژیمی ئێرانی بە باڵای دا بسوورێتەوە و بە شێوازێکی سەردەمیانە و کاریگەر ڕێکخستنی بۆ بکرێت. لە بەستینێکی وەها دا گرنگدا، ڕاسان ڕۆلی سەرەکی خۆی دەردەخات. چونکە لە لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ دا، خەباتی شار کۆڵەکەیەکی سەرەکی خەباتە. لە بنەماکانی ڕاسان دا خوێندنەوەیەکی گشتگیرتر بۆ بزووتنەوەی کورد کراوە، کە ئەو خوێندنەوەیش بە جەماوەرتر کردنی خەبات و گرینگیدان بە خەباتی شار لە چوارچێوەی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ، تا ئەرکی قورسی خەبات تەنیا لە سەر شانی خەباتگێرانی شاخ واتا پێشمەرگە نەبێت.

هەر بۆیە بە جەماوەرتر کردنی خەبات، شێوازی خەباتی مەدەنی بەشێکی دانەبڕاو، لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد دێتە ئەژمار. بە پێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی کە بە ئەنقەست یا بێ ئەنقەست حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تەنیا وەک خەباتگێری چەکداری دەبینن، لە ڕاسان دا جارێکی تر نیشان درا کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی سیاسییە کە خەبات دەکا بۆ وەدیهاتنی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد، دژی بە دیکتاتوری ڕێژیمی ئێران و بۆ ئەو ئامانجە لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات کەڵک وەردەگرێت. هەروەها وێڕای هەبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەباتی شار بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سەرکەوتن دەزانێت. هەروەها حیزبی دێموکرات لە مێژووی خەباتی ڕەوای خۆیدا هەمیشە هەوڵی داوە لە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی ڕەوا کەڵک وەرگرێت. بۆ نموونە

گەیاندنی دەنگی کپکراوی خەباتی رەوای گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای ڕەوەندی کورد لە تاراوگە بە بیر وڕای گشتی جیهان و هەروەها مانگرتنی گشتی لە بۆنە جیاوازەکان بە تایبەتی لە ساڵیادی ترۆری دکتۆر قاسملو لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی لە چالاکانی نێوخۆی وڵات بە گوێرەی دەرفەت و توانا.

لێرە دا خاڵێکی پێویست هەیە کە ئەگەر لە خەبات و چالاکی چەکداریدا پێویستی بە ڕێکخستن و دیسپلین هەیە، ئەوە لە خەباتی مەدەنیش دا ئەو ئەسلە بە بنەمای سەرکەوتن دەزانرێت. هەر بۆیە لە بەرێوەبردنی ڕاساندا دەبێ بە هەمان ئەندازە گرنگی بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و دیسپلین بدات. واتە ئەگەر خەباتی مەدەنی تەنیا کورت بکەینەوە لە هەوڵی خۆڕسکی هەندێ چالاکی نێوخۆیی، زۆر ئەستەمە دەبێ و یان لەوانەیە بە لاڕێ دا ببردرێ. هەر بۆیە بۆ ئەوەی خەباتی شار شوێندانەری پێویستی هەبێت، دەبێ بەشێکی وزەی خەبات بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بە کاربهێنرێت.

لە کۆتایی دابۆ هەر حیزب و رێکخراوەیەکی خەباتگێر لە مەیدانی کردەوەی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا کە نوێنەرایەتی بەشێک لە خەڵک بۆ بەرخۆدان و تێکۆشان دەکا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، دەبێ لە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی ڕەوا بۆ سەرخستنی خەبات کەڵک وەربگرێت. هەروەها بە گوێرەی پێویست و دەرفەت، لە هەر شوێنێک دا هەر ڕەهەندێک شوێندانەر بوو بە کار بهێنێت بەو شێوەیە سەرکەوتن ئاسان تر و بە نرخێکی کەمترەوە سەرکەوتن مسوگەر دەکات.

Tishk 45


گۆڤاری تیشک لەسەر ئینتێرنێت

http://www.kurdistanmedia.com

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

کۆمیسیۆنی پەروەردەی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا